# شێوازەکانی کات بەسەر بردنی مەلیکەکانی ئەیوبی لە ناوچەکانی شام و جەزیرە

## (589_658ك/ 1193_1260ز)

**ID No. 2699**

(PP 138 - 160)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.4.9

**اكۆ برهان محمد** **محسن مامل محمد**

بەشی مێژوو / کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

ako.muhamad1@su.edu.krd muhsin.muhammad@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2019/03/27**

**پەسندکردن : 2019/07/04**

**بڵاوکردنەوە : 2019/09/19**

**پوختـە**

ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵدانێکـە بـۆ نیشـاندانی وێنایـەکی گشـتگیری شـێوازەکانی کـات بەسـەر بردنـی مەلیکـەکانی ئـەیوبی لـە ناوچـەکانی شـام و جەزیرە(589_658ك/1193_1260ز)، لە ڕێگای بە دوا داچوون و تیشك خستنە سەر دیوە شاراوەکانی ژیانیان بەوەی چۆن کات و پشووەکانیان بـە سـەربردووە دوور لە کاروباری فەرمیان لە پرسە سیاسی و سەربازیەکان، هەموو ئەمانەش پشتڕاستکراوەتەوە بە بەڵگەو ئاخـافتنی نێـو پـەراوی سـەرچاوەکان کـە بەشـێکیان بنەڕەتین و هاوسەردەمی ئەوان تۆمار کراون.

لەگەڵ ئەوەی مەلیکەکانی ئەیوبی سەرقاڵی ململانێی نێوەخۆی و شەڕی بەردەوام بوون لەگەڵ خاچیەکان و ئـەو هێـزو لایەنانـەی ڕوویـان لـە ناوچـەکانیان دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەڕو ململانێکان نەبۆتە ڕێگرو لەمپەر لەبەردەم پشتگوێ خسـتنی ژیـانی ئاسایی و چۆنیـەتی پـڕ کردنـەوەی کاتـەکانیان، بـەڵکو هەندێکیان ساتەکانی ڕۆژانەیان بە شێوازی جیا جیا بەسەر بردووە، لەوانە بە ئەنجام گەیاندنی چەند چالاکیەکی جەسـتەیی و وەرزشـی وەکـو ڕاوکـردن و سـوار چاکی و یاری تـۆپێنی چۆغان(الصـولجان) و نیشـانە شـکێنی(لعبة البنـدق) و چەنـد یاریـەکی هـزری و زەیینـی وەك شـەترەنج و تاولـە(النرد)، لـە پـاڵ ئـەوەش خەرجکردنی پارەیەکی زۆر لە نێو کۆشك و دەربارەکانیان بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسودەکردنی و گیان و هزری خۆیان وەك بەشداریان لـە دانیشـتن و کـۆڕی زانـاو ئەدیب و ڕۆشنبیران و گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی لەگەڵ دانیشتنی تایبەت بە مەیخواردنەوە، سەرەڕای ئەوانەش ئەنجامـدانی چەنـدین گەشـت و سـەیران بـۆ ناوچە دڵرفێن و کەش و هەوا لەبارەکان بە مەبەستی پشودان و ئاسودەکردنی ناخیان.

**کلیلی وشەکان:** ڕاو کردن، تۆپێنی چۆغان(الصولجان)، گەشت و سەیران، کۆڕی ئەدیب و زاناو هۆنراوە بێژان، گۆرانی و مۆسیقاو مەیخواردنەوە.

### 1/ پێشەکی

ئاسودەیی و کات بەسەربردن یەکێکە لە بابەتە هەسـتیارەکان، بەتایبـەت ئەگـەر پەیوەسـت بـێ بـەو کارەکتەرانـەی کـە لـە قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامدا فەرمانڕەوایاتیان کردووە، ئەوەش زیاتر لەوەدا سەرچاوەی گرتووە هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە لەو کەسانەیان ڕووانیوە لە ڕوانگەی ئیسلام ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی کـات بەسـەر بـردن پێداویسـتیەکی زینـدەگی هەموو مرۆڤێکە لە هەر پلەو پایەیەك دا بێت، چ دەسەڵاتدارو زەنگین یاخود کەسی ئاسایی، ئەوەش زیاتر لەوەدا گەڵاڵـە بـووە کـە هەر چەندە لە کرۆکدا خوای گەورە بەندەکانی دروستکردووە بۆ ئەوەی خوا پەرستی و گوێڕایـەڵی و بەندایـەتی ئـەو بکـەن، بـەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نیە ژیـانی تایبـەتی خۆیـان پشـتگوێ بخـەن، بـەڵکو پێویسـتیان بـە پڕکردنـەوەی پێداویسـتی و حـەزوو ئـارەزوو ویستەکانی ژینی وەك خواردن و خواردنـەوەو حەسـانەوەو ئارامکردنـەوەی ڕۆح و ناخیـان و بـەختیاری و دڵخۆشـبوون و گـەڕان و سوڕان و کات بەسەر بردن و پێکەنین و گاڵتەو گەپ هەیە، بەڵام بە جۆرێك بێ زێدەڕۆیی و بەهەدەر دانی تێدا نەبێ، ئـەوەش بـە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کەوا هەموو کات بەسەر بردنێك ڕابواردن نیە، بەڵکو هەندێك جار لایەنی ئەرێنیشی هەیە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە دانیشتنی کۆڕو کۆبونەوە زانستیەکان یاخود ئەوەی پەیوەستە بە مەشق و ڕاهێنان و وەرزش و هونەرەکانی سوارچاکی.

بابەتی خۆشگوزەرانی و هێنانە کایەی ژیانێکی خۆشنوودو پڕ لە ڕەفاهیەت بۆ مەلیك و دەسەڵاتداراو خەڵك بە گشتی لە هـەموو کـات و سـاتێکدا وا بەسـتەی چەنـد پایـەو فاکتەرێکـە، وەك بەرقـەرار بـوونی سـەقامگیری و ئاسـایش لـە وڵات، ئابوریـەکی بـەهێز

ڕەنگدانەوەی هەبێ لەسەر هەموو كایەكانی ژیان، سەرەڕای ئەوانەش مەلیك و كار بەدەستان خۆیان بینە سەرمەشق و چاو ساغ بۆ ئەوەی گەل و میللەتەكانیان بۆ ئەوەی چاو لەوان بكەن هەروەك دەگوترێت: ((خەڵك لەسەر ڕێچكەو ڕێبازی ڕێبەرو گەورەكانیانن))(ابن كثیر، 1988، 186/9).

هەرچی پەیوەستە بە دەوڵەتی ئەیوبی، ئەوا هەل و مەرجی دروستبوونی لەسەر شانۆی سیاسی تا ڕادەیەك جیاواز بووە لەگەڵ شێوازی بە دیاركەوتنی دەوڵەتی فاطمی (297- 567ك/909- 1171ز) پێش خۆیان و هاوكات دەوڵەتی مەمالیكی(648- 922ك/1250-1517ز) دوایان، تەنانەت مەلیك و خاوەنداو ڕێبەرەكانیشی هاو شێوەی ئەوان دەستكراوەو وەك پێویست كاتیان لە بەر دەستدا نەبوو بپرژێنە سەر ژیانی دونیایی و خۆشگوزەرانی و بەهەدەردان، لەبەر ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەواندا خاچپەكان زۆر نزیك بوون لە دەرگاكانیان، ئەوە لە كاتێكدایە بەشێك لە مەلیكەكانیان خەریك بوون بە كێشمەكێش و ململانێ لە سەر پرسی دەسەڵات لە نێوان خۆیان، سەرەڕای ئەوەش هەندێكیان خەریكی شەڕو شۆرو قایمكاری بوون بەرامبەر بەو هێزو قەوارە لۆكاڵیانەی ناوچەكە بە تایبەتی ئەوانەی مایەی هەڕەشە بوون بۆ ناوچەكانی ژێر قەڵەمڕەویان، بەڵام هەموو ئەوانە بە مانای ئەوە نیە كەوا مەلیكەكانی ئەیوبی زێدە ڕۆییان نەكردووەو دوور بوونە لە مەسەلەی خۆشگوزەرانی و ژیانی تایبەتی خۆیان، بەڵكو ئەوانیش بە پێی بارودۆخی سەردەم و خولیاو حەزوو ئارەزووی بەشێك لە مەلیكەكانیان سڵیان نەكردووە لە ژیانی دونیایی و هەواو هەوەسە تایبەتیەكانی خۆیان.

لە لایەكی دیكەش، مەلیكەكانی ئەیوبیش وەكو ئەلقەیەكی دانەبراوی میللەتانی موسڵمان هەر لە كۆنەوە هەندێك لە شێوازی كات بەسەر بردنی خۆیان هەبووە وەك ڕاو شكارو پێشبركێ سوار چاكی و شمشێر بازی و نیشانە شكاندن، بێگومان ئەوانەش لە بنەڕەتدا شێوازێك بووە لە ڕاهێنان و مەشقی جەستەیی و ئامادەكردنیان بۆ مەیدانەكانی جەنگ، لە بەر ئەوەی پەروەردەو پێگەیاندنی ڕۆڵەكانی نێو ماڵباتە دیارەكانی نێو مێژووی ئیسلام تەنیا بریتی نەبووە لە پەروەردەكردنیان لە ڕووی هزری، بەڵكو گرنگی دراوە بە مەشق و ڕاهێنانی جەستەیی و هونەرەكانی شەڕ كردن، هەموو ئەوانەش زیاتر پێگەیاندنی گەنجان بووە لەسەر ئازایەتی و مەردایەتی و میرخاسی و نەوەك تەنها ڕاهاتنیان لەسەر ژیانی ڕەفاهیەت و پڕ لە نازو نیعمەت. جگە لەوەش هەندێكیان لە ئەنجامی تێكەڵاوی و بەریەككەوتنیان لەگەڵ میللەتانی دیكە هاتۆتە ناویان هەندێك بە شێوازی تیم و هەندیكی دیكە لەسەر ئاستی تاكە كەسی ئەنجامدراون وەك یاری تۆپێنی چۆغان و شەترەنج و تاولە.

سەبارەت بە چوار چێوەی توێژینەوەكە ئەوا بە پێی كات بەسەر بردنی مەلیكەكان دابەشكراوە بۆ پێشەكیەك و دوو تەوەرە لەگەڵ چەند دەرئەنجامێك كە لە كۆتاییدا خراوەتە ڕوو، ئەوەتا لە تەوەرەی یەكەمدا جەخت كراوەتەوە لەو كات بەسەر بردنانەی بە شێوەیەكی جەستەی و كردارەكی بە یاری ئەنجامدراون وەك ڕاو كردن، سوارچاكی، یاری تۆپێنی چۆغان(صولجان)، نیشانە شكاندن لەگەل گەشت و سەیران، لە پاڵ ئەوەش بابەتی تایبەت تەرخانكراوە بۆ ئەو یاریە زەینیانەی كە پشت ئەستورە بە زیرەكی و لێهاتووی و بە هێمنی ئەنجامدراون وەك شەترەنج و طاولە. هاوكات لە تەوەرەی دووەمدا تیشك خراوەتە سەر دانیشتەنەكانیان لە كۆڕی زانا و ئەدیب و هۆنراوە بێژان، لەگەڵ دانیشتنە تایبەتیەكانی وەك گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی و مەیخواردنەوە.

**2_ ئەو بەسەر بردنەكانی بە شێوازی جەستەیی و كردارەكی و یاری ئەنجامدراون**

**1-2 ڕاو كردن:**

هەڵبەتە مەسەلەی ڕاو و ڕاوشكار یەكێك بووە لەو كردارە داینەمێكیانەی هەر لە كۆنەوە بەشێك بووە لە ژیانی مرۆڤایەتی و ئامانج لێی بریتی بووە لە دابینكردنی بەشێك لە پێداویستیەكانی ژیانی ڕۆژانە لە ڕێگای ڕاوكردنی جۆرەها باڵندەو ئاژەڵی كێوی، بەمەش ڕاوكردن سەرچاوەیەك بووە بۆ بژێوی ژیان، بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستمانە، بۆ مەلیك ودەسەڵاتداران وەكو گەشت و سەیران و كات بەسەربردن و نیشاندانی تواناو لێزانی و كارامەییان بووە كە تیایدا فەرمانڕەوەو دەست ڕۆیشتووەكان مەشقیان دەكرد لەسەر سوارچاكی، ئارامگرتن، ڕووبەڕووبونەوەی برسیەتی و تینویەتی و جولاندنی ئەو هێزە شاراوەی كە لە ناخیاندا بووە(العباسي، 1989، 267/2).

ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامانە، ڕاوكردن بە گشتی كات بەسەر بردنێكی بەسوودە، لەبەر ئەوەی خۆشی و وەرزش و مەشق، هەم دەسكەوتیشی تێدایە، بەڵام لە هەمان كاتدا ناكرێت ئەوەش بە نادیدە بگیرێت مەلیكەكان ئامانجیان كەڵك وەرگرتن نەبووە لە گۆشت و بەروو بومەكانی، بەڵكو زیاتر بۆ خۆشی و كات بەسەر بردن بووە، لە ڕاستیدا ئەو جۆرە لە ڕاوەش لە ڕوانگەی ئاییندا تا ڕادەیەك زۆر پەسند نەبووە، بە جۆرێك كارێكی نەویستراو قینەون بووە یاری و گاڵتەو لاقرتی بە بونەوەرەكانی خوای گەورە بكرێت

و بخرێنە بەر سێبەری کەوانەوتیرەکان و ڕاوکردنیان بە بێ ئەوەی پێویستت پێیانەوە هەبێت (الطیار، 2003، ص29)، هەروەك پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرموێت:( لا تتخذوا شیئا فیە الروح غرضا) (ابو داود، 1999، 343/4). وێرای ئەوەش کەم لە دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوایان بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی لە مێژووی ئیسلامدا حەزو خولیای ڕاوکردنی نەبووبێت، بەڵکو لە نێو پەراوی سەرچاوەکاندا چەندین چیرۆك و داستان تۆمارکراون شایەتی ئەوە دەدەن کەوا بایەخی زۆر بەو چالاکیە دراوەو بەشێك لە کاتەکانیان بۆ تەرخاندەکردووە.

ئەوەتا مەلیکەکانی ئەیوبی وەکو زۆرێك لە خاوەندارو دەسەڵاتدارانی دیکە، لە هەر کاتێکدا بۆیان ڕەخسا بێت بەشێك لە کاتەکانیان تەرخانکردووە بۆ ڕاو کردن، بە شێوەیەك سەلاحەددین دوای ئاگر بەستی لەگەڵ خاچیەکان لە ساڵی 588ك/1193ز، دووبارە گەڕایەوە دیمەشق و لەو کاتەشدا مەلیك الافضل(589-622ك/1193-_1225)، مەلیك االظاهر غازي(589-613ك/ 1193-_1216ز)، مەلیك الظافر خضر(م:627ك/1229ز) لەگەڵ منداڵەکانی دیکەی لە تەکیا بوون، دواتر مەلیك العادلی براشی هاتە لای و هەموویان بە یەکەوە ڕۆژانە دەردەچوون بۆ گەشت و ڕاوکردن، بە تایبەتی بۆ ئەو شوێنانەی کە بەشێکی زۆر لە ژیانی منداڵی تێدا بەسەر بردووە (ابن شداد، 2005، ص ص412-413؛ ابن واصل، 1957، 410/2)، ئەوەش بۆمان بە دیار دەخات نەك تەنها خۆی، بەڵکو کوڕو براکانیشی ئارەزوویەکی بێسنووریان بۆ چالاکی ڕاوکردن هەبووە، تەنانەت هەندێکیان ژیانی خۆیان لە پێناویدا داناوە، هەر وەك مەلیك المعز ئیسحاق کوڕی سەلاحەددین خولیاو ئارەزووی زۆری بۆ ڕاوکردنی هەبووە، بە جۆرێك لە ساڵی 625ك/1227ز بووە قوربانی چالاکی ڕاو کردن، دوای ئەوەی لە سەر پشتی وڵاغەکەی گلاو کەوتە بن پێی لەو کاتەی خەریکی ڕاوکردنی نێچیرەکەی بوو (الحنبلي، 1987، ص ص265-266).

لەو کاتەدا ئەو کەل و پەلانەی ڕاویان پێدەکرا هەمە جۆر بوون، وەکو تیرو کەوان، ڕم، لەگەڵ جۆرە چەکێك کە زیاتر بۆ ڕاو کردنی باڵندەکان بەکار دەهێنرا ئەویش بریتی بوو لە دارێکی ناو کلۆر پێدا پارچە کانزای مس و ئاسن یاخود پارچە قوڕی بە ئاگر سورکراوی پێ دەهاویشتراو گەر بەر نێچیرەکە کەوتبایە برینداری دەکرد، لەگەڵ تۆرو قولاب ئەوانە زیاتر بۆ ڕاوی ئاوی بەکار دەهاتن (القلقشندي، 2،154/1987؛الهورمزیاري، 2012، ص124)، جگە لەوانەش چەندین جۆر ئاژەڵی ڕاهێنراوی تایبەتی ڕاوشکاریان لەگەڵ خۆیانا دەبرد، لە دیارتینیان(تانجی) تانژی سلوقی[1] بوو، لەگەڵ چەندین جۆر باڵندەی گۆشت خۆری چرنۆك درێژی وەکو بازو شاهین و داڵ و هەڵۆ بەکار دەهێنرا، کە هەر یەکێك لەوانەش جولەو تایبەتمەندی خۆیان هەبووەو باشترین جۆرو ڕەگەزەکانی ئەو باڵندانەش سەرچاوەیان هەردوو وڵاتی خزرو خوارزم [2]بووە لەگەڵ چیاکانی دەوروبەری ئەرمینیا(المسعودي، 2005، 269/1؛ الدمیري، 2003، 66/2-67).

جێگای ئاماژە پێدانە، هەر یەکێك لەو ئاژەڵانەش لە نزیکەوە سەرپەرشتی و چاودێریان دەکران لە لایەن کەسانی شارەزاو بە ئەزموون، بە جۆرێك هەر چەشنە لە نەخۆشی و کەمو کوریەکیان هەبووایە نەدەبران بۆ ڕاو تاوەکو بە تەواوی ئامادە دەبوون و ڕادەهێنران، ئینجا دەبران بۆ ڕاو کردن، وێرای ئەوەش هەندێك جار تێبینی ئەوە دەکرێت ئەو ئاژەڵانەی تایبەت بوونە بە ڕاوکردن لە نێو دیاریە بەهادارەکان بوون کە لە نێوان دەسەڵاتداران بۆ یەکتریان ڕەوانە کردووە، لەم چوار چێوەیەشدا ئاماژە بەوە دەکرێت خاوەنداری شاری خەلات [3]کۆمەڵێك دیاری بە نرخی بۆ مەلیك العادل ناردووە، لە نێویدا بازێکی سپی نەوازە بوو کە لە چالاکی ڕاوکردندا بێ رکابەر بووە(الدواداري، 1972، 161/7)، لەبەر ئەوەی مەلیك العادل زۆر تامەزرۆی ڕاو بووە تاوەکو ڕۆژێکیان لەگەڵ کورەکانی بەیەکەوە دەرچوون بۆ ڕاوکردن، لەو کاتەدا مەلیك العادل بازە سپیە نەوازەکەی هەڵدا بۆ ڕاوەدونانی باڵندەیەك، بەڵام چوو لە سەر سەری مەلیك الاوحدی کوڕی(م:609ك/1212ز) نیشت، لە بەرامبەر ئەوەدا مەلیك العادل بەگاڵتەوەو پێکەنینەوە گووتی:((ئەمرۆ بازەکەمان کوندەبەبۆیەکی(پەپۆ) ڕاوکرد)) (الدواداري، 1972، 161/7). لە ڕاستیدا ئەو وتەیە وەکو توانج گاڵتە ئامێز وا بوو بۆ کوڕەکەی، لەبەر ئەوەی بەژن و باڵای کورت بوو، جیاواز بوو لە ڕووی لەش و لارەوە لە تەواوی براکانی دیکەی.

بەدەر لەوە، کاتێك کەژاوەی مەلیك دەردەچوو بە مەبەستی ڕاوکردن بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك ژمارەیەکی زۆر لە دەست و پێوەندەکانی یاوەریان دەکرد، لەگەل چێشتلێنەرو پزیشك و چەند خزمەتکارێك کە ئەرکیان هەڵدانی چادرو ڕەشماڵی تایبەت بووە بە ڕاو، لە هەمان کاتدا ڕێو شوێنی پێویستیان دەگرتە بەر بۆ سەلامەتی و پاراستنی گیانی مەلیك، ڕاستە کرداری ڕاوکردن بۆ خۆشیو کات بەسەر بردن بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەتی زێرینیش بووە بۆ نەیارو دوژمنان بۆ ئەوەی ئەو هەلە بقۆزنەوە بۆ تیرۆرکردن و یەکلاکردنەوەی پرسەکان و هێنانەدی ئامانجەکان (نصار 1999، ص223)، هەربۆیە لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت تەواوی ئامادەکاری و پ داویستیەکانی تایبەت بە ڕاو کردن، هەر لە کەل و پەل و سەرجەم پێداویستیەکانی لەلایەن کەسێکەوە سەرپەرشتی دەکرا بەناوی (امیر شکار) کاتێك بەرپرسیاریەتی تەواوی ڕاوکردنی مەلیکی لەسەر شان بووە(ابن تغري بردي، د.ت،

184/7)، لەم نێوەندەشدا مەلیك الظاهر غازي خاوەنداری حلب كاتێك چۆتە ڕاو ژمارەیەكی زۆر لە دەست و پێوەندەو خزمەتكارەكانی یاوەریانكردووە، لە نێویشیاندا چێشتلێنەرەكانی خوانی گەورەیان بۆ دەكرد، بە تایبەتی ئامادەكردنی گۆشتی وشكراو بە نیسك زۆربەی جار لە كاتی ڕاوكردندا حەزی لێبووە (ابن نظيف الحموي، 1981، ص72).

بە هەمان شێوە مەلیك العزیز محمدی كوریشی(613-_643ك/1216- 1236ز) خولیاو ئارەزووی زۆری بۆ ڕاوكردن هەبووە، بە جۆرێك لە ساڵی 634ك/1236ز دەر چوو بۆ ناوچەی حارم[4] بە مەبەستی ڕاوكردن (الحنبلي، 1987، ص 342)، لە وەرزی بەهاردا، لەبەر ئەوەی لەو وەرزەدا تارادەیەك كەش و هەوا لە بارەو زەویەكان دەگەشێنەوەو سەوز هەڵدەگەرێن، ئەوە لە كاتێكدایە ئاژەڵەكان ڕێژەیان زۆر زیاد دەكات بە هۆی كرداری جوت بوون و زاوزێوە، ئەوەش وا دەكات بۆ گەران بەدوای ئاوو سەرچاوەی خۆراك بێنە دەروە، بەمەش پڕ دەشت ون اوچە چۆلەوانیەكان پڕ دەبن لە ئاژەڵی كێوی، ئەوەش كاریگەری هەبوو لەسەر كار ئاسانی بۆ ئەو كردارە، بە تایبەتی لە بەرەبەیانی زوو سەرەتای ڕۆژ گونجاوترین كات بوو بۆ چاڵاكی ڕاوی نێچیرەكان (نوري، 1996، ص117).

كاتێك ڕووبەری ڕاوكردن دیاریدەكرا، دوو جۆر ڕاو دەستی پێدەكرد، یەكێكیان ڕاوی باڵندەو بوو كە زیاتر لەلایەن مەلیكەكانەوە بە چەك ڕاو دەكرا یاخود لە ڕێگای باڵندە ڕاهێنراوەكانی وەك بازو شاهین، لە لایەن كەسێكەوە بە سوارەی ئەسپەوە بازەكەی دەرفاند و بەدوایدا دەرۆیشت بۆ ئەوەی شوێنی نێچیرەكەی لێ وەن نەبێت، ئەمە لە كاتێكدایە بۆ پاراستنی دەستی لە چرنۆكە درێژەكانی دەستكێشی لە دەست دەكرد، ئەوەی دیكەشیان بریتی بوو لە ڕاوكردنی ئاژەڵی گەورەی وەك بزنە كێوی و مامز گیاندارە درندەكان، مەلیك و دەست و پێوەندەكانی ئەلقەیەكی بازنەیان بەدەوری ڕووبەری ڕاوكردنەكە دروست دەكرد بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە دەستیان دەرنەچن، لە هەمان كاتدا باڵندە چرنۆك درێژەكانی وەك بازو شاهێنیان هەڵدەدا بۆ ئەوەی ترس و دڵە ڕاوكێ لە نێو ئاژەڵەكان بڵاو بێتەوە، لێرەدا هەموو هەوڵ تەقەڵاكانیش بۆ ئەوە بوو كەوا كرداری ڕاوكردنەكە بۆ مەلیك ئاسان بكرێت و دەستی بگات بە نێچیرەكە (ابن منقذ، د.ت، ص194)، لەم چوار چێوەیەشدا مەلیك الناصر یوسفی دووەم(634-_658ك/1236- _1260ز) خاوەنداری شام زۆر ئارەزووی ڕاوكردنی باڵندەی هەبووە، لەم نێوەندەشدا هۆنراه بێژی دیار ابو عبدالله الكندی(م:663ك/1264ز) بە هۆنراوە ستایشی كردووە لە ساتی لێدان و پێكانی باڵندەیەك بە ناوی(الكی) لە كاتی ڕاووكردندا، هەروەك ابن الشعار(2005، مج6،ج271/7) دەڵێت:

| | |
|---|---|
| كويت قلوب من عاداك كيا | بصرع الكى لما إن تهيـــــا |
| فلا زالت سعودك سابقـــــات | ونجمك فى العلا أبدا مضيا |
| ملكت الناصرالسلطان عدلا | طويت به بساط الارض طيا |
| وسهم لم يفوق يوم حرب | فأخطأ لا ومولانا عليـــــــا |
| كـــأن مجرة الافلاك قوس | بكفك أو بنادقه الثريـــــــــا |

هاوكات هەندێك لە مەلیكەكان وا سەیری ڕواكردنیان كردووە كە كات بەسەر بردنێكی خۆشە، لە هەمان كاتدا مەشق و وەرزشكردنیشە، ئەوەش لە میانەی ستایشكردنێكدا كە هۆنراوەبێژی دیار شرف الدين الانصاري(م:662ك/1263ز) پەسن و ستایشی مەلیك المنصور محمد(587-_617ك/1191-_ز1220) خاوەنداری حماە دەكات بەوەی كەوا بۆ هەردوو مەبەستەكە ڕاوی كردووە هەروەك (شرف الدين الانصاري د.ت، ص ص 95-98) دەڵێت:

| | |
|---|---|
| أكملت كل المنــــاقب يا خير ماش وراكب | تسابق الوحوش حتى تخاله كالجنــــــــــــائب |
| وكم ضربت علـــــيها من حلقه بالـــمقانب | جلبت فيها صنوف الا ضداد يا خير جالـــب |
| وارتحت للصيد لهــــوا | اذ لم تجد من تحارب |

جگە لەوەش مەلیك المعظم كوڕی مەلیك العادل (615-624ك/1218-_1226ز) وەكو براكانی دیكەی مەیلی زۆری بەلای ڕاوكردن هەبووە، ئەوەش لە میانەی گێرانەوەیەكدا ئاماژە بەوەدەكرێت لە ساڵی 623ك/1226ز كاتێك مەلیك الاشرفی برای هاتە سەردانیكردنی لە شاری دیمەشق، دوای تەواو بوونی مانگی ڕەمەزان هەندێك جار بەیەكەوە دەرچوون بۆ ناوچە چۆلەوانیەكان بە مەبەستی ڕاوكردنی ئاژەڵی كێوی (ابن واصل، 1957، 180/4).

شایەنی باسە، كاتێك وڵات تووشی بارودۆخێكی نالەبار یاخود هێرش و پەلاماری دەرەكی دەبێتەوە وا دەخوازێ دەسەڵاتداران حەزوو ئارەزووەكانیان وەلاوە بنێن و خۆیان تەرخان بكەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەو دەربازكردنی وڵات لەو نەهەماتیانە، بەڵام

ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامانە مەلیك الجواد یونس کوڕی مـودود(م:641ك/1243ز) دوای لـە دەسـتدانی دیمشـق بـۆ بەرژەوەنـدی مەلیك الصالح نجم الدین ئەیوب بە سنجار قەرەبوو کرایەوە، بەڵام نەیتوانی پارێزگاری لە شارەکە بکات، لە بەر ئـەوەی لـە سـاڵی 637ك/1239ز بدر الدین لؤلؤ[5] خاوەنداری موصل توانی دەسـت بەسـەر شـارەکە دابگرێـت، چونکـە خاوەندارەکـەی لـەو کاتـەدا خەرێکی ڕاوکردنی ئاژەڵە کێویەکان بـوو لـە ناوچـە چۆڵەوانیـەکان(ابن واصـل، 1957، 253/5؛ الـذهبي، 2003، 22/14)، سـەرەڕی ئەوەش یەکێك لە مێژوونوسەکان جەخت لەوە دەکاتەوە لە بەر حەزی زۆری بۆ چالاکی ڕاوکردن، کاتێك بە شنگال قەرەبوو کرایەوە زۆری پێی خۆش بوو، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە بەناوبانگ بووە بە زۆری بێستانەکانی، بەمـەش چـالاکی ڕاوکـردن تیایـدا ئاسـان و گونجاوو لەبار بووە(مؤلف مجهول، 2010، ص421).

لە لایەکی دیکەش، هەنـدێکیان حـەزو ئارەزوویـەکی زۆریـان هـەبووە بـۆ ڕاوکـردن، لەوانـە مـەلیك الامجـد(م:628ك/1230ز) خاوەنداری بعلبك (النويري، 2004، 72/29)، هەروەها مـەلیك قلـیج ئەرسـەلان(م:635/1237ز) خاوەنـداری حـماە (ابـن واصـل، 1957، 118/4)، ئەوە لە کاتێکدایە مـەلیك المجاهـد شـێرکۆی دووەم(581_637ك/1185_1240ز) خاوەنـداری حمـص تامـەزرۆی چـالاکی ڕاوکــرد بــووە، ئــەوەش لــە میانــەی گێرانەوەیەکــدا ئامــاژە بــەوە دەکرێــت کــە مــەلیك الاشرف کــوڕی مــەلیك العادل(615_634ز/1218_1237ز) لە ساڵی 628ك/1230ز هاتە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی و لـەو کاتەشـدا بریار وابوو ناوبراو یاوەری بکات و لە قەڵای رحبە [6] بگەن بە دیدەنی یەکتر، بەڵام کاتێك گەیشـتە قرقیسـیا[7] هـەواڵی ئـەوەی بـۆ هات کە مەلیك المجاهد لە کاتی ڕاوکردندا کەوتووە لە سەر پشتی ئەسپەکەی (ابن نظيف الحموي، 1981، ص225). جگـە لـەوەش مەلیك المنصور ئیبراهیم (637_644ك/ 1239_ 1246ز) حەزو خولیای زۆری بـۆ ڕاوشـکار هـەبووە، هـەر بۆیـە زۆر جـار گەشـتی دەکرد بە مەبەستی ڕاوکردن و تیایدا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك دەمایەوە، لە بەر ئەوەی ناوچە چۆڵەوانیەکانی حمص پڕ بووە لە ئاژەڵی کێویَ، بە تایبەتی مامز(الحايك، 2000، ص133)، سەرەڕای ئەوەش ئێوانی خۆش بووە لەگـەڵ مـەلیك النـاصر داود کـوڕی مـەلیك المعظم، لەم نێوەندەشدا مەلیك الناصر داود زۆر جار لە وەرزی بەهاراندا بانگهێشتی دەکرد بە مەبەستی یاوەریکردنی لە کەشت و چالاکیەکانی ڕاوکردندا (الملك الناصر داود، 1992، ص247).

**2 / 2_ سوارچاکی و هونەرەکانی سوارچاکی:**

دیارە سوارچاکی و خودی سوارچاك [8] لە کۆنەوە پێگەیەکی دیارو بەرچاویان هەبووەو لە نێو زۆربەی کۆمەڵگاکانـداو لـە هـەمان کاتدا گرنگی و بایەخی زۆر دراوە بە هونەرەکانی چ بۆ مەبەستی شەرو شۆر یاخود بۆ خۆشی و کات بەسەر بردن.

لە ڕووانگەی ئیسلامیشەوە، جەختکراوە لەسەر مەسەلەی سوارچاکی و تەنانەت ئەرك و پیویسـت بـووە لـە سـەر شـانی هـەموو تاکێکی موسلمانان ڕاهێنان و مەشق لەسەر هونەرەکانی بکات، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیـەوە فێـری ئـارامگرتن و بـاوەر بـە خۆبـوون بـن، سەرەڕای ئەوەش هۆکاریگ بووە بۆ نەش و نماکردنی جەسـتەو لایـەنی هـزری مرۆڤـ، لـەم نێوەندەشـدا سـوار چـاکی و ئازایـەتی هاوشانی یەکتر دەبنە هۆکاری پتەوکردن و تەواوکردنی خودی کەسێتی بەندەی باوەڕدار (ابن قيم الجوزية، 1993، ص84).

ئەوەی لێرەدا شایەنی باسە، هیچ کەسێك لە خۆوە خۆرسکانە نەدەبوو بە سوار چاك، بەڵکو دەبووایە بـە قۆنـاغ بەنـدی و چەنـد مەرجێکی تێدا بهاتبایە دی وەکو: لێزانینی سوار بوونی ئەسپ و هەژاندن و هێنان و بردنی، تیر هاوێژی لەسەر پشـتی، شـەڕکردن و چونیەتی بەکارهێنانی ڕم، لەگەڵ شەڕکردن بە شمشیر، دوا بەدوای هەموو ئەوانەش، ئینجا دەبوو بـە سـوارچاکی ڕاسـتەقینە (ابـن قيم الجوزية، 1993، ص 440؛ الاحدب، 1984، ص26 وما بعدها).

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەش مەلیکەکانی ئەیوبی حەزو خۆلیای زۆریان هەبووە بۆ ئەو جۆرە لـە چـالاکی و یاریانـەو تـەواوی پێداویستیەکانیان بۆ دەستەبەر کردووە، لە پێشەوەی هەموشیانەوە ئەسپەکان بوون کە لە لایەن کەسانی پسپۆرو شـارەزا مەشـقیان پێدەکراو لە نزیکـەوەش لەلایـەن پزیشـکی تایبەتـەوە چـاودێری دەکـران، ئـەوە لـە کاتێکدایـە سـەرچاوەی سـەرەکی ئـەو جـۆرە لـە ئەسپانەش لە بازارەوە دەکران، بە تایبەتی لە خوارووی قەڵای دیمشق لە نزیك (ميدان الاخضر) گۆرەپانی سەوز[9] بـازارێکی تایبـەت دروستکرا بـوو بـۆ فرۆشـتی ئەسـپ (السـامرائي، 2004، ص193)، سـەرەڕای ئـەوەش زۆر جـار ئەسـپی ڕەسـەن و پێشـبرکێکان لـە چوارچێوەی ئەو دیاریانە بووە کە لە نێو مەلیکەکان بۆ یەکتریان ڕەوانەکردووە، ئەوەتا لە ساڵی 610ك/1213ز مەلیك الظاهر غازي خاوەنداری حلب کۆمەلیك دیاری بە هاداری بۆ مەلیك العادلی مامی نارد کە لە نێویدا پەنجا ئەسپی ڕەسـەنی گرانبـەها بـوو (ابـن واصل، 1957، 220/5). بێجگە لەوەش، ئاماژەی دیکە هەن گـەواهی ئـەوە دەدەن کـە مـەلیك العـادل حـەزی زۆری لـە پێشـبرکێی ئەسپسواری و ئەسپ و ماینە ڕەسەنەکان هەبووە، هەربۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت بەردەوام ئـەو میـرو کەسـایەتیانەی دیاریـان بـۆ

ناردووە لە نێویدا ئەسپی نەوازەو ڕەسەن بوونی هەبووە، لەم نێوەندەشدا لە ساڵی 612ك/1215ز كاتێك خاوەنداری شاری مەدینە هاتە دیدەنی مەلیك العادل لەگەڵ خۆیدا كۆمەڵێك دیاری گرانبەهای ناوچەی حیجازی هێنا بوو لەگەڵ بیست ئەسپی نەوازەو ڕەسەنی عەرەبی (ابو شامة، 2002، ص137).

وێرای ئەوەش، هەندێك لە مەلیكەكان ئارەزووی زۆریان هەبووە بۆ پێشبركێ ئەسپسواری، ئەوەتا مەلیك الاشرف لەو كاتانەی لە دیمشق بووە لە هەردوو گۆرەپانی سەوز و گۆرەپانی الحصی[10] پاش تەواو بوونی مەشقە سەربازیەكان سوارەكانی كۆدەكردەوە بەمەبەستی پێشبركێ ئەسپسواری (ابن نظیف الحموي، 1981، ص256)، لەم جۆرە ڕۆژانەش خەڵكانێكی زۆر ئامادە دەبوون بۆ دیدەنی و سەیركردنی ئەو جۆرە لە نمایشانە، تەنانەت زۆرجار وەكو كەرنەڤال وبۆنە بووەو تەواوی چین و توێژەكانی كۆمەڵگا تێدا خۆشحاڵ دەبوون (ابراهیم، 2013، ص266).

هەروەها مەلیك المعظم سوار چاكێكی لێوەشاوەی سەردەمی خۆی بووە، بەجۆرێك لە ساڵی 607ك/1210ز بە سوارەی ئەسپ لە دیمەشقەوە چۆتە ئەسكەندەریە بە ماوەی هەشت ڕۆژ بۆ دیداری مەلیك الكامل برای (مؤلف مجهول، 2010، ص368)، ئەوەش بە ڕوونی كارامەی و لێهاتووی ناوبراومان بۆ نیشاندەدات بەوەی سوارچاكێكی لێوەشاوەو شارەزاو لێهاتوو بووە.

لە لایەكی دیكەش، یاری تۆپێنی چۆغان(الصولجان) یەكێكی دیكە بووە لەو نمایشانەی بەسەر پشتی ئەسپەوە دەكرا، هەم وەكو مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و هەم زۆرجار بە مەبەستی بەسەر بردنی كات و ساتێكی خۆش ئەنجامیانداوە.

جێگای ئاماژە پێدانە، ئەو یاریە لە بنەچەدا فارسیەو لە داهێنانەكانی ئەوانە و (ابن المعتز، د.ت، ص386)، زیاتر بە شێوازی بە كۆمەڵ دەكراو زیاتر تایبەت بووە بە چینی دەسەڵاتداران، بە جۆرێك لە نێوان مەلیك و گەورە پیاوانی دەوڵەت و دەست و پێوەندەكانی ئەنجام دەدرا، هەر یەكێك لەوانەش بەسوارەی ئەسپەوە گۆچانێكیان لە دەست دا بوو خۆیان خوار دەكردەوەو بەو پەڕی گورو تینەوە لە تۆپێكی خڕی لە دار یاخود لە ماددەیەكی فلینە دروستكراویان دەداو ئەسپەكانیان تاو دەدا بۆ پێكانی ئەنجامەكەو خستنی تۆپەكە بۆ ناو گۆڵ (الدینوري، 1418هـ، 217/1؛ نصار 1999، ص245).

لەبەر ڕۆشنای ئەمەش، بەشێك لە مەلیكەكانی ئەیوبی حەزو خولیای زۆریان هەبووە بۆ ئەو یاریە، لەم نێوەندەشدا گرنگی وبایەخی زۆریان داوە بە دابینكردنی سەرجەم پێداویستیەكانی لە ئەسپ و كەل و پەلەكانی، تەنانەت چەندین كارمەندو خومەتگوزاریان تەرخانكرد بوو بۆ سەرپەرشتی كردنی ئەو یاریە كە لە دیارترینیان كەسێك بوو پێی دەگوترا (الجوكندار)[11].

لە نێو ئەو مەلیكە ئەیوبیانەی كە بە تامەزرۆی وپەرۆشیەوە ئەو یاریەیان ئەنجامداوە، مەلیك الافضل خاوەنداری دمشق كە زۆر كارامەو لێزان بووە لە هونەرەكانی وتەنانەت زۆر بە باشی شارەزا بووە لە بنەماو ئادابەكانی ئەو یاریە وەكو سەلاحەددینی باوكی (الویس، 2003، ص22).

جگە لەوەش مەلیك الظاهر غازي خاوەنداری حلب ئارەزووی زۆری بۆ ئەو جۆرە یاریە هەبووە، بە تایبەتی لە كاتی بۆنەو خۆشیەكان، بە شێوەیەك لە كاتی لە دایك بوونی مەلیك الصالح كوڕی زۆر بەختەوەرو خۆشحاڵ بووە، لەم نێوەندەشدا خۆی و سەربازەكانی جوانترین بەرگیان پۆشێوەو بەیەكەوە ڕوویان لە گۆرەپان كردووەو لە وێدا بە خۆشی و شادی یاری تۆپێنی جۆغان گوزارشتیان لە خۆشیەكانیان كردووە(ابن العدیم، 1996، ص446). دیارە لە كاتی بەڕێوە چوونی ئەو جۆرە یاریانەش خەلكانێكی زۆر لە خەڵكە ڕەشۆكی و ئاساییەكە بە مەبەستی هاندان و خۆشی وەرگرتن دەهاتنە دیدەنی یاریەكەو لە ڕێگای هوتاف و هاندانەكانیان گروتین وخۆشی زیاتریان بە یاریەكە دەبەخشی وپاش تەواو بوونی یاریەكەش وەكو ڕێزلێنانێك بۆ ئەو میرو سەر لەشكرانەی یاریەكی باشیان ئەنجامداوە پلەیان بەرز دەكرایەوەو دیاری گرانبەهاشیان پێ دەبەخشین، لە بەرامبەریشدا ئەو گروپەی دۆڕاو بووایە دەبووایە سفرەو خوانی گەورە ئامادە بكات بۆ لایەنی سەركەوتوو ئامادەبووان، بەمەش زۆر جار پارەیەكی ئێجگار زۆری تێدا خەرج دەكرا (السامرائي، 2004، ص ص194-195).

وێرای ئەوەش، زۆرجار لەو كاتانەی مەلیكەكان كۆك و تەبابوون لەم چەشنە یاریانەیان بەیەكەوە ئەنجام داوە، ئەوەش لە میانەی گێرانەوەیەكدا ابن خلكان (1994، 333/5) لە ساڵی 633ك/1235ز وەكو شایەتحاڵێك ئاماژە بەوە دەكات كە لەو كاتەدا لە دمشق بووەو مانگی ڕەمەزان بوو مەلیك الكامل لە لای مەلیك الاشرف بوو، لە هەمان كاتدا دەڵێت:(( هەموو ڕۆژێك ئەو دووانەم دەبینی لە گۆرەپانی سەوزی گەورە بە یەكەوە یاری تۆپێنی چۆغانیان دەكردو كەیفم دەهات بەو هەموو دۆستایەتی و ڕێزو خۆشەویستیەی لە نێوانیاندا هەبوو)).

نەك تەنها لەگەڵ براكانی، بەڵكو مەلیك الاشرف لەگەڵ دەسەڵاتداری هێزو لایەنەكانی ناوچەكەش یاری تۆپێنی كردووە، بە شێوەیەك لە ساڵی 627ك/1229ز كاتێك بە خۆی و زۆرێك لە مەلیكەكانی ئەیوبی و ژمارەیەك لە میرو سەر لەشكرو سەربازەكان

هاتبوونە حران بۆ هاوکاری وهەمەهەنگی لەگەڵ سەلاجقەی ڕۆم بۆ ڕووبەڕووبونەوەی خەوارزمیەکان، لەم نێوەندەدا مەلیك الاشرف لەگەڵ علاء الدين كيقباد(616-643ك/1219-1236ز) سوڵتانی سەلاجقەی ڕۆم لە گۆرەپان بە یەکەوە یاری تۆپێنی چۆغانیان ئەنجامداو تیایدا لە کاتی یاریەکەدا سوڵتان گۆچانەکەی کەوت، مەلیك الاشرف بە خێرای هەڵیگرتەوەو پاکیکردەوە دایەوە دەستی، لە بەرامبەردا سوڵتان نەهاتە خوارەوەو بێباکانە هەڵس و کەوتی کرد، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر زەینی خەڵك بەوەی ڕەنگە ئەو ڕەفتارە کاریگەری هەبێ لە سەر مەلیك الاشرف(مؤلف مجهول، 2010، 382؛ مؤلف مجهول، 2007، ص205). بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای تێڕامانە ناوبراو هیچ هەڵوێستێکی نامۆ بێزارکەرانەی نەنواند بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی سوڵتان لەگەڵ ئەو هێز پێگەو باڵا دەستیەی کە هەیبووە، کەچی وەك کەسێکی زۆر سادەو خاکی خۆی نیشانداوە وەك بەشێك لە مەلیکەکانی دیکەی ئەیوبی.

بەدەر لەوە، زۆر جار لە کاتی بیستنی هەواڵی سەرنج ڕاکێش و خۆش، بۆ خۆشی دەربڕین لەم جۆرە یاریەیان ئەنجامدا، هەروەك مەلیك المجاهد شێرکۆی دووەم خاوەنداری حمص لە کاتی بیستنی هەواڵ مردنی مەلیك الكامل لە ساڵی 635ك/1237ز، داوای لە خزمەتکارەکانی کرد ئەسپی بۆ ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بچێتە گۆرەپان و یاری تۆپێنی جۆغان ئەنجام بدات، لە بەرامبەردا کوڕەکانی زۆر سەرسام بوون بەوەی کە باوکیان لە تەمەنی حەفتا ساڵیەو ئەوەندە تامەزرۆی ئەو یاریەی، پاشان ئەوەی بۆ درکاندن ئەوە بە هۆی مردنی مەلیك الكامله، ئینجا بە یەکەوە ڕوویانکردە گۆرەپان ودەستیان کرد بە یاریکردن (ابن واصل، 1957، 176/5؛ الحنبلي، 1987، ص232). ئەوەش ئەوەمان بۆ بە دیار دەخات کە هەندێك لە مەلیکەکان هەر لە منداڵیەوە حەزو تامەزرۆیەکی زۆریان بۆ ئەو یاریە هەبووە، تەنانەت لە کاتی چوونە نێو تەمەنیشدا لە ساتە وەختە خۆشەکانیان نەیان توانیوە دەست بەرداری بن.

ئەوە لە کاتێکدایە بەڵگەی وا لەبەر دەستدان گەواهی ئەوە دەدەن مەلیك الصالح نجم الدين ئەیوب خاوەنداری حسکێف(حصن كيفا)[12] ئارەزووی زۆری بۆ یاری تۆپێنی چۆغان هەبووە، تەنانەت ئامۆژگاری مەلیك المعظم توران شاە کوڕی کردووە تەنیا پشت بەو کەسانە ببەستێ کە شارەزاو لێوەشاوەن لە هونەرەکانی ئەسپسواری و سوارچاکی و ڕمبازی و نیشانە شکێنی و یاری تۆپێنی چۆغان (النويري، 2004، 226/29).

**2/ 3_ نیشانە شکێنی (لعبة البندق):**

یەکێکی دیکە لەو چالاکیانەی مەلیکەکانی ئەیوبی خولیاو ئارەزوویان بۆ هەبووە، ئەویش بریتییە لە نیشانە شکێنی، زیاتر بە تیرکەوان یاخود ئامێرێکی لوولەیی لە دار دروستکراو ئەنجام دەدراو زیاتر لە کاتی ڕاوکردندا لێزانی و کارامەییەکەی بە دیار دەکەوت، هەربۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت مەشق و ڕاهێنانی بەردەوامیان لەسەر دەکرد، لەم نێوەندەشدا مەلیك العزيز محمد كوری مەلیك الظاهر غازي خاوەنداری حلب زۆر جار دەهاتە گۆرەپانەکان وکاری نیشانە شکاندنی دەکرد هەم وەکو ڕاهێنان وهەم وەك خۆشی و کات بەسەر بردن (ابن العديم، 1996، ص481).

جگە لەوەش زۆر پەسن و ستایشی مەلیك الناصر يوسفی دووەم خاوەنداری شام کراوە بەوەی نیشانە شکێنێکی لێهاتوو بووە، بە تایبەتی لە لێدانی نێچیری چۆلەکەو باڵندە (ابن الشعار، 2005، مج6،ج271/7)، بە هەمان شێوە مەلیك الاشرف کوڕی مەلیك العادل نیشانە شکێنێکی کارامەو لێوەشاوە بووە، لەم ڕووەشەوە هۆنراوەبێژان زیاد لە پێویست پێیان هەڵداوە (ابن الشعار، 2005، مج5،ج171/6؛ سليم، 2013، ص158)، لەوەش زیاتر خەلیفە عەبباسی الناصر لدين الله(575-622ك/1179-1225ز) ئارەزووی نیشانە شکاندنی هەبووە وەك بەشێك لە چالاکی سوارچاکی، لەم نێوەندەشدا لە ساڵی 607ك/1210ز نامەی ناردووە بۆ لای مەلیك العادل و کوڕەکانی بۆ ئەوەی لەسەر ڕێچکەی ئەو برۆن و بیکەن ڕێبەرو پێشەوای خۆیان لە بەجێگەیاندنی ئەو جۆرە یارییە (مؤلف مجهول، 2010، ص269؛ القلقشندي، 1985، 60/2).

**2/ 4_ یارییە زەینیەکان ئەوانەی بە هێمنی ئەنجامدراون:**

لە پاڵ ئەو چالاکی و یاریانەی پێوستیان بە هێزو تواناییەکی جەستەی زۆر هەیە، ئەوا مەلیکەکانی ئەیوبی هەندێك لەو یاریانەشیان کردووە کە پشت ئەستورن بە زەینێکی ڕوون و هزرێکی چالاك، ئەوانەی بە شێوەیەکی لەسەرخۆو بە بێدەنگی ئەنجام دراون، وەك یاری شەترەنج[13] کە لە بنەچەدا یاریەکی هندییەو بیرۆکەی داهێنانیشی دەگەرێتەوە بۆ کەسێکی ژیرو پیتۆڵ و کارامە بە ناوی صصه بن داهر الهندي (ابن خلكان، 1971، 357/4؛ القلقشندي، 1987، 158/2).

لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە، هەرچەندە لە چوار چێوەی ئەو یاریانە هەژمار کراوە کە قسەو باسی لەسەرە، بەڵام نەخراوەتە نێو ئەو یاریانەی کە ڕێگە پێنەدراو بێت بەڵکو یاریەکی حەڵالە(القلقشندي، 1987، 159/2)، بەڵام ئەگەر گەیشتە ڕادەی هۆگر بوون و گرەوی پێەوە کرا ئەوا کارێکی پەسندو ڕێگە پێدراو نیە(السخاوي، مخطوطة مصورة، ص41 وما بعدها)، سەرەڕای ئەوەش ئەو یاریە زیاتر تایبەت بووە بە مەلیك و دەسەڵاتداران و کەمتر لە لایەن چینە ڕەشۆکی و هەژارەکە ئەنجام دراوە، لەم سۆنگەیەوەش دەگوترێت:((ئەو هەژارەی یاری شەترەنج دەکات وەکو کوێرێك وایە کە سەیری ئەستێرەو هەسارەکانی ئاسمان دەکات)) (مصطفى، 1988، 150/2).

لەگەڵ ئەوەی یاری شەترەنج لەلایەن مەلیك و دەسەڵاتداران وەکو خۆشی و کات بەسەر بردن ئەنجامدراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کەلك و سوودی زۆری لێوەرگیراوە لە ڕووی هزری و پلانی سەربازی، لەبەر ئەوەی خۆی لە بنەچەدا زیاتر یاریەکی زەینییە، هزر چالاك دەکات و وریایی زیاد دەکات، ئارامی دانبەخۆ داگرتن بەهێز دەکات، سەرەڕای هەموو ئەوانەش فێری هونەرو پلانی شەڕیش دەکات (المسعودي، 2005، 290/4) ئەوەش زیاتر ڕەنگدانەوەی لە کاتی یاریکردنەکەدا دیارە بەوەی لەسەر تابلۆیەك ئەنجامدراوە کە شەست وچوار خانەی لە خۆگرتووە، تیایدا وێنەی دوو دەوڵەتی شەڕکەر نیشاندراوە بۆ هەر یەکەیان بە شانزە پارچە، کە خۆی دەبینێتەوە لە مەلیك و وەزیرو ئەسپ وفیل وقەڵا، لەگەڵ کۆمەڵێك سەرباز لە پێشیانەوە (رجب، 2003، ص345).

لێرەدا بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەوانەش، تێبینی ئەوە دەکرێت مەلیك و دەسەڵاتداران بە گرنگیەوە لە یاری شەترەنجیان ڕووانیوە، بە تایبەتی خودی سەلاحەددین خۆی هەم وەك کات بەسەر بردن هەم بۆ کاتی شەڕو ئامادەکاریەکانی (ابو شامة، 1997، 455/2)، بێگومان ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر کوڕو نەوەکانی، لەبەر ئەوەی زۆر جار بە یەکەوە ساتە خۆشەکانیان بەیەکەوە بەسەر بردووەو لە زۆر کاتیشدا لە تەکیەوە بوون، لەم نێوەندەشسدا یەکێك لە هۆنراوە بێژەکان بە ناوی محمد کوڕی محمد ناسراوە بە النور الاسعردي(م: 656ك/1258ز) زۆر نزيك بووە لە مەلیك الناصر يوسف خاوەنداری شام و هەندێك جار بە یەکەوە ئەو یاریەیان ئەنجام داوەو لە هۆنراوەیەکدا بۆ گەورەکەی پەسن وستایشی ئەو یاریەی بۆ کردووەو گوتویەتی: لە بارەیەوە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| أعجبت إذ لاعبت بالشطرنج من | اهوي فأبدى حدوه توريـــــــدا |
| وغدا لفرط الفكر يضرب أرضه | بقطاعها لما انثنى مجـــــهودا |
| فطفقت انشده هناك معــــرضا | وجوانحى فيه تذوب صدودا |
| رفقا بهن فما خلقنا حديـــــدا | اوما تراها اعظما و جلـــودا (الصايغ، 1980، ص60). |

هەرچی یاری(النرد) تاولەیە، ئەوا لە بنەچەدا فارسیەو لە لایەن ئەردەشێری کوڕی بابك داهێنراوە، هەربۆیە پێیشی گوتراوە نردشير (الجواليقي، 1990، ص605) دیارە ئەو یاریەش لە سەر تابلۆیەکی کراوە کە پێك هاتووە لە دووانزە بەیت کە بە ژمارەی مانگەگانی ساڵ وێنەکراوەو تیایدا بە سی پارچە یاریکراوە ئەویش بە ڕۆژەکانی مانگ وێنەکراوە، لەگەڵ دوو زاری چوارگۆشە کە بە هەردوو دیوی دەبووایە بیایە بە حەوت، بە شێوەیەك شەش بەرامبەر یەکەو پێنج بەرامبەر دووەو چوار بەرامبەر سێیە (القلقشندي، 1987، 157/2-158).

کاتێك دەست بە یاریەکەش دەکرا دەبووایە هەردوو زارەکە بە ڕاستی و دروستی بجولێنرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامانە، کارامەی و لێهاتووی ڕۆلێکی ئەوتۆی نەبوو تیایدا، بەڵکو زیاتر پشت دەبەسترا بە بەخت و شانس، هەربۆیە لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت لە ڕووانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا لە چوارچێوەی ئەو یاریانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە کە نەفرێن و نەویستراو نا پەسندە، لەم ڕووەشەوە پێغمبەر (د.خ) جەختی لەوە کردۆتەوە یاریکردنی تاولەو هاویشتنی زارەکانی وەکو ئەوە وایە دەست ڕووچوبێ لە گۆشت و خوێنی بەرازو سوور بیێ پێیانەوە هەروەك دەفەرموێت: (من لعب بالنردشير، فكأنما صبغ يده في لحم خنزير و دمه)(مسلم بن الحجاج، د.ت، 1770/4). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە مەلیکەکانی ئەیوبی حەزو ئارەزووی ئەو یاریەیان هەبووەو وەکو بەشێك لە کات بەسەر بردنەکانیان ئەنجامیانداوە، بە شێوەیەك مەلیك الامجد بهرام شاە کوڕی فروخ شاە خاوەنداری بعلبگ، هۆگری یاری تاولە بووە، لەم سۆنگەیەوەش ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە ساڵی627ك/1229ز لە لایەن یەکێك لە خزمەتکارەکاتی کۆتایی بە ژیانی هێنرا لە یەکێك لە دانیشتنە شەوەنەکانی کاتێك خەریکی یاری تاولە بوو لەگەڵ یەکێك لە نزیکەکانی (ابن واصل، 1957، 284/4؛ الكتبي، 1974، 190/10).

بە هەمان شێوە مەلیك المعظم خاوەنداری دیمەشق لەو جۆرە یاریانەی ئەنجامداوە، ئەوەش لە میانەی گێرانەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە هۆنراوە بێژی دیار ابن عنین (م: 1232/630ز) لە ساڵی 616ك/1219ز وازی لە ژیانی دونیایی وخواردنەوەی مەی هێنا، لە بەرامبەر ئەوەدا مەلیك المعظم بوتڵێك مەی و تاولەیەکی بۆ ڕەوانەکردو وای نیشاندا کە وازهێنانەکەی ڕاست نیە (سبط ابن الجوزي، 1951، ج8،ق606/2؛ النويري، 2004، 64/29). لێرەدا بە لەبەر چاوگرتنی ئەو دۆستایەتی و نزیکیەی کە لە نێوان هەردوو لادا هەبووە، ئەوەمان بۆ بە دیار دەکەوێت کە ناوابراو ئەو یاریەی ئەنجامداوە، لەبەر ئەوەی لە زۆرێك لە دانیشتنەکانی ابن عنین یاوەری کردووەو بە یەکەوە ساتە خۆشەکانیان بەسەربردووە بە خواردنەوەو یاریە هەمە جۆرەکان.

**2/ 5_گەشت و سەیران:**

دەرچوون بۆ گەشت و سەیران بۆ ناوچە دڵرفێنەکانی دەوڵەمەند بە باغ و بێستان و ئاوی سازگار، جۆرێکی دیکە بووە لە شێوازەکانی کات بە سەر بردن لە لایەن مەلیکەکانی ئەیوبی بۆ ئارامکردن و ئاسودە کردنی ناخ و دەرونیان، لەم نێوەندەشدا مەلیك العادل ژیانی پڕ بووە لە خۆشی و چێژ، بە تایبەتی لە وەرەزەکانی ساڵدا گەشت و گەران و سورانی زۆری دەکرد، بە شێوەیەك لە وەرزی هاویندا ڕووی لە ناوچەکانی شام دەکرد بەهۆی بوونی ئاوی سازگارو سەوزەو میوە، ئەمە لە کاتێکدا لە وەرزی زستان دەهاتەوە مصر، چونکە ئاوو هەواکەی مام ناوەندو لەبار بوو (ابن خلکان، 1994، 78/5).

بەدەر لەوە، هەندێکیان چەندین شوێن و دیمەنی جوان و دڵرفێنیان بنیاد نا بوو بۆ ئەوەی لە کاتی پشوودان بۆ حەسانەوەو کات بەسەر بردن ڕووی تێ بکەن، لەوانە مەلیك الاشرف بە مەبەستی گەشت و سەیران و کات بەسەر بردن ڕوویدە کردە کۆشکی(الدهشة)[14]، کە کۆشکێکی نەواەزو دڵرفێن بووە لە گوندی النیرب لە دەوروبەری دیمەشق، لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی کەش و هەوا لە بارو پڕ بووە لە باغ و بێستان و زۆر گونجاو بووە بۆ پشودان وحەسانەوە (ابن واصل، 1957، 144/5).

جگە لەوەش لەو کاتەی لە ڕۆژهەڵات بووە شاری سنجاری (شنگال) لە هەموو شۆێنەکانی دیکە پێ خۆشتر بووە وەك هاوینە هەوارگە بۆ حەسانەوەو کات بەسەربردن، ئەوەش لە میانی گێرانەوەیەکدا باس لەوە دەکرێت لە ساڵی 621ك/1224ز دوای دەست بەسەر داگرتنی خەڵات، کە ئەوکاتە مەلیك المظفر شهاب الدین غازی برای حوکمی تێدا دەکرد، لەبەر خراپی هەلس و کەوت و مامەڵەی لەگەڵ خەڵکدا دانیشتوانی بە ئاسانی تەسلیمی مەلیك الاشرفیان کرد، بەڵام بۆ پشوودان لە وەرزی زستان ڕوویکردە شاری سنجارو مانگی ڕەمەزانی لەوێدا بە سەربرد (ابن شداد، 1987، ج3،ق197/1-198؛ شميساني، 1983، ص161).

وە نەبێ مەلیك الاشرف تەنیا لە ناوچەکانی ژێر قەڵەمرەی خۆی گەشت و گەڕانی کرد بێ، بەڵکو هەندیك جار ڕووی لە مصرـ دەکرد بە مەبەستی گەشت و گەران، لەم نێوەندەشدا لە ساڵی 619ك /1222ز سەردانی مصری کرد بۆ لای مەلیك الکامل (615-_635ك/1218-_1237ز) برای، ئەویش لە شارۆچکەی العباسه[15] پێشوازی لێکرد، کە ناوچەیەکی کەش و هەوا لە بارو دیمەنێکی جوان و دڵرفێنی هەبوو(ابن واصل، 1957، 116/4؛ ابراهیم، 2013، ص288).

لە لایەکی دیکە، مەلیك المعظم خاوەنداری دیمەشق، بۆ گۆڕینی کەش و هەواو بەسەر بردنی ساتێکی خۆش بە خۆی وخاو خێزان و منداڵەکانی ڕوویان دەکردە بێستانەکانی القابون لە دەورووبەری دیمەشق، کە لە نێویدا کۆشك و تەلاری گەورەی بنیاد نا بوو بە مەبەستی حەسانەوەو پشوودان تیایدا (الصفدي، 2000، 305/13؛ ابن تغري بردي، د.ت، 301/6).

بێجگە لەمەش، مەلیك الحافظ نورالدین ئەرسلان شاه(م:639ك/1241ز) خۆی خاوەنداری قەڵای جعبر[16] بوو، بەڵام زۆربەی کات بە خۆی خاو خێزانی ڕوویان لە شاری عزاز دەکرد لە دەوروبەری حلب بە مەبەستی گەشت و سەیران و کات بەسەر بردن، لە بەر ئەوەی ئەو ناوچەیە ناسرا بوو بە کەش و هەوایەکی لە باری گونجاو، لە هەمان کاتدا پڕ بووە لە باغ و بێستانی گەورە (ابن العديم، 1996، ص511؛ الدواداري، 1972، 327/7).

بە هەمان شێوە مەلیك العزیز عثمان کوڕی مەلیك العادل خاوەنداری بانیاس و تبنین، بەردەوام بۆ گۆڕینی کەش و هەوا و بەسەر بردنی کاتێکی خۆش سەردانی بێستانەکانی گوندی بیت لهیای دەکرد لە دەوروبەری دیمەشق، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە بە ناوبانگ بووە بە زۆری باخچە و بێستانەکانی، تەنانەت لە زۆربەی کاتەکانی ڕووی تێدەکرد تاوەکو لە یەکێك لە سەردانەکانی لە ساڵی 630ك/1232ز هەر لەوێدا کۆچی دوایی کرد (ابن واصل، 2010، 302/2).

لە نێو مەلیکەکانی حمص، مەلیك المنصور ئیبراهیم لە هەموویان زیاتر ئارەزووی گەشت و سەیرانی هەبووە، بە تایبەتی لە وەرزی بەهار بە خۆی خانەوادەکەی ڕوویدەکردە بێستانەکانی ئەشرەفی لە ناوچەی(النیرب) لە دەوروبەری دیمەشق، بۆ هێنانەدی ساتە وەختێکی خۆش و ئارامکردنەوەی دڵ و دەرونی (ابو شامة، 2002، ص ص274-275).

لە لایەکی دیکەش، نەوەکانی تقی الدین عمر ئەوانەی خاوەنداریەتی حمایان کردووە هەندێك جار بۆ گەشت و کات بەسەر بردن دەهاتنەوە دیمەشق لە کۆشکی (ابن زنجیلی) دەمانەوە بۆ وەرگرتنی چێژ لە دیمەنە جوان و هەوارە خۆشەکانی ناو کۆشکەکە (ابو الفداء، 1999، 158/3).

**3/ دانیشتنەکانی کات بەسەر بردن**

سەبارەت بە دانیشتنەکانی کات بەسەر بردن زیاتر ئەو جۆرە دانیشتانەن کە مەلیکەکانی ئەیوبی لە کۆشك و دەربارەکانیان یاخود لە سووچی مزگەوت و قوتابخانەکان دوور لە خەریك بوونیان بە سیاسەت و مەسەلەی بەڕێوەبردن، بە شێوەیەکی تایبەتمەند لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکان هەر لە زانا وبیرمەندو ئەدیب و هۆنراوە بێژان یاخود خەڵکی ئاسایی بە مەبەستی ئاسودە کردنی ناخ و دەروون و ڕاهێنانی هزریان دانیشتوون.

دیارە دانیشتنەکانیش بە پێی کات شوێنەکانی جیاواز بووە، ئەوەتا هەندێکیات تایبەت بووە بە دانیشتنی ئەدەبی و کۆڕو کۆبونەوەی زانستی و ئەدەبی یان ئەوەتا تایبەت بووە بە کامەرانی و ئاسوودەیی و کات بەسەر بردنی تایبەت بە خۆیان وەك گوێگرتن لە موسیقاو گۆرانی و مەیخواردنەوە، لێرەدا بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر هەر یەکێك لەو جۆرە دانیشتنانە بە جیا دەخەینە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

**3/ 1_ دانیشتنی ئەدەبی و کۆڕو کۆبونەوەی زانستی:**

کاتێك باس لە ژیننامەی مەلیکەکانی ئەیوبی دەکرێت وێنەی ئەوە دێتە بەرچاو کە قۆناغەکانی پەرەسەندنی ژیانیان تەنها بریتی بووە لە شەڕوشۆڕو خۆبەختکردن لە پێناوی خودا بەرامبەر بەو هێزو لایەنانەی ڕوویان لە ناوچەکانیان کردووە لە سەرووی هەموشیانەوە خاچپەکان ئینجا هێزو لایەنەکانی دیکە، بەڵام لە ڕاستیدا سەردەمی ئەوان تەنیا گوزارشت نەبووە لە ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی، بەڵکو سەردەمێکی گەشاوە بووە لە ڕووی زانست و زانیاری و برەودان بە لایەنی ڕۆشنگەری، ئەوەش زیاتر لەوەدا سەرچاوەی گرتووە کە سەرمەشق و ڕێبەرانی ئەو دەوڵەتە خۆیان کەسانی ڕۆشنبیر و ئەدیب و هۆنراوە بێژ بوون و قەڵەم بە دەست و زانست خوازانیان خۆش دەویست و بەردەوام لە خۆیانیان نزیك دەکرنەوەدەوە، هەموو ئەوانەش زیاتر لەوەدا گەڵالە بووە کە خودی مەلیکەکان خۆیان باوەڕی تەواویان بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەبووە بەوەی بەردەوام جەختیکردۆتەوە لەسەر فێربوون و گەڕان بە دوای زانست وزانیاری (الاتروشي،2007، ص7). لەم سۆنگەیەشەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی ئەوان بە سەردەمی زێوی ناوزەند بکرێت بەراورد لەگەڵ سەردەمی زێرینی عەبباسەکان، لە قۆناغی یەکەمی دەوڵەت مەداریان.

لەبەر ڕۆشنای هەموو ئەمانەش، بەشێکی زۆر لە مەلیکەکانی ئەیوبی بەو پەڕی ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ زاناو ئەدیباندا کردووەو تەنانەت ژیانێکی شایستەشیان بۆ فەراهەم دەکردن، هەر بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت کۆشك و دەربارەکانیان زۆربەی کات جمەیان لێهاتووە لە کەسانی زاناو ئەدیب وپیتۆل، ئەوەتا مەلیك الظاهر غازي خاوەنداری حلب کۆشك و دەرباری بەردەوام جمەی هاتووە لە زاناو ئەدیب و هۆنراوە بێژان، بە تایبەتی لە شەوانی جەژنی قوربان لەگەڵ سەرجەم چین وت وێژەکانی دیکە بە خۆشی و گوێگرتن لە هۆنراوەکانیان تەواوی شەویان دەبردە سەر (ابن واصل، 2،274/2010؛ ابن الشعار، مج2،ج27/3).

بێجگە لەوەش، مەلیك الظاهر غازي لە دانیشتەکانیکدا هەمیشە حەزی لە بەدوا داچوون و دیبەیت و ڕاگۆڕینەوە هەبووە لەگەڵ زانایان، بە تایبەتی بۆ بابەتە زمانەوانیەکان، لەم نێوەندەشدا لە یەکێك لە دانیشتنەکانی مانگی ڕەمەزاندا زانای دیار القاسم بن القاسم الکیال الواسطي(م: 626ك/1229ز) هۆنراوەی لە بارەی جەژنەوە بۆ دەگوت، ئەویش لە بەرامبەر ئەوەدا پرسیاری لێکرد لە بارەی ڕەگ و ڕیشەو بنەچەی زاراوی(العید)، ئەویش زۆر بە لێوەشاوەی بۆی شیکردەوە کە زاراوەکە لە(عود) واتە لە دووبارە گەرانەوە هاتووە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی وشە سازی نابێ پیتی(و) لەگەڵ بزۆێنی کورتی(کسرە) لە دوای یەکەوە بێ، هەربۆیە پیتی(و) بووە بە(ی) بۆ ئەوەی گونجان دروست بێ لە نێوانیان (القفطي، 1982، 32/3)، هاوکات ڕێزی زۆری قەڵەم بەدەستان و زانستخوازانی ئەو بوارەی دەگرت و بەردەوام ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندو زانایان لە دەرباریدا ئامادە دابوون ئەویش بەو پەڕی ڕێزەوە گفتوگۆ ڕاگۆڕینەوەی لەگەڵدا دەکردن و بەدەستکراوەیەوە پێدەبەخشین (ابن الاثیر، 1997، 296/10؛ ابو شامة، 2002، ص145).

وەنەبێ مەلیك الظاهر غازي لە دانیشتنەکانیدا تەنیا ئارەزووی لە بابەتە زمانەوانیەکان هەبێ، بەڵکو زۆر ئارەزووی گوێگرتن لە فەرموودەی هەبووەو لەم بوارەشدا ئەزموونی باشی هەبووە، تەنانەت حەزو خولیای گوێگرتنی لە ناوەڕۆکی ئەو جۆرە کتێبانە هەبووە کە تایبەت بە فەرموودە نووسراون، لەم نێوەندەشدا لە ساڵی 612ك/1215ز نێردراوی الناصر لدین الله (575-622ك/1180- 1225ز) خەلیفەی عەبباسی هاتە حلب بە مەبەستی پێدانی رێزلێنان بە مەلیك الظاهر کە لە نێو دیاریەکاندا کتێبێك هەبوو بە ناوی (روح العرفین)[17] تایبەت بوو بە فەرموودە، لە دانیشتنێکدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە گەورە پیاوانی دەوڵەت خوێندرایەوەوە، لەم نێوەندەشدا مەلیك الظاهر غازي بەوپەڕی تامەزرۆیەوە گوێی گرتبوو لە نێردراوی خەلیفە بۆ ئەوەی لە کرۆك و ناوەڕۆکی کتێبەکە تێبگات (الذهبي، 2003، 690/13).

لە لایەکی دیکەش، مەلیك العادل هاوشێوەی سەلاحەددینی برای زۆر جار هامۆشۆی کۆڕو کۆبوونەوە زانستیەکانی دەکرد بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بووە بە بواری فەرموودە، تا جارێکیان لەگەڵ سەلاحەددینی برای چوونە کۆڕ ووانەی زانای دیاری بواری فەرموودەی مصر الحافظ السلفي، لەم ڕووەشەوە باس لەوە دەکرێت کاتێك ئەو زانایە خەریکی و تاردان بوون ئەوان لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد، لە بەرامبەر ئەوەشدا زانای گەورە سەرکۆنەو سەرزەنەشتی کردوون بەوەی ئەو باسی فەرموودە دەکات وئەوانیش قسە دەکەن (الذهبي، 2003، 281/15؛ ابن کثیر، 1993، ص792). لەو دانیشتنە ئەو ڕاستیەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کەوا ئەوانیش هاوشێوەی گوێگرو تەواوی ئامادەبووانی دیکە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوەو تەنانەت لەگەڵ ئەو پلەو پایەو دەسەڵاتەی هەیانبووە هیچ جۆرە پەرچە کردارێکیان نەبووە بەرامبەر ئەو شێوە مامەڵەی لەگەڵیاندا کراوە، ئەوەش ڕێزو پایەی زانیان نیشاندەدات لە لای مەلیکەکانی ئەیوبی هەمیشە لە نزیکەوە بەو پەڕی شکۆوە مامەڵەیان لەگەڵ کردوون.

ئەوە لە کاتێکدایە مەلیك الاشرف لە دانیشتنەکانیدا زۆر ئارەزووی گوێگرتن لە قورئانی هەبووە، بە دەنگی قورئان خوێنە شارەزاو دەنگ نەوازەکان، بەڵام جارێکیان زۆر تووڕە بووە لە یەکێك لە قورئان خوێنەکان بە ناوی الضیاء بن الزراد الدمشقي(م:620ك/1223ز) کە دەنگ خۆشێکی نەوازەو زانایەکی لێهاتوو شارەزا بووە لە شێوازەکانی خوێندنەوەی قورئان، ئەوەش دوا بەدوای ئەوەهات لە یەکێك لە دانیشتنەکانی پەرداغێك مەی پێداو هەر سەیری دەکرد بۆ ئەوەی بزانێ دەیخواتەوە، دواجار ئەویش خواردیەوە، لە بەرامبەر ئەو ڕەفتارەی مەلیك الاشرف بە تووڕەیەوە پێی گووت:(( مەی خواردنەوەت پێش هەر سەدو چواردە سورەتی قورئان خست، سوێندا بە خوا ئەگەر بێتو سەرپشکم بکەن لە نێوان لەبەرکردنی قورئان وەکو ئەوەی تۆ لەگەڵ تەواوەی موڵك وسامانم، ئەوا لەبەر کردنی قورئانم هەڵدەبژارد))(الذهبي، 2003، 600/13). وێرای ئەوەش زۆر تامەزرۆی ئەو جۆرە کۆڕو دانیشتانانە بووە کە زیاتر تایبەت بوون بە ئامۆژگاری و ڕێنمونیکردن، لەم نێوەندەشدا هەندێك جار وەکو خەڵکانی ئاسایی دەچووە کۆڕو دانیشتنەکانی مێژوونوس پێشەواو زانای دیار لە بواری ژیننامە سبط ابن الجوزي (م:654ك/1256ز) یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی لە سەردەمی خۆیدا هاوتای نەبووە لە ئامۆژگاریکردنی خەڵك، بە جۆرێك لە سێ مانگی ساڵدا بە تایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا کۆڕو دانیشتنەکانی ئێجگار قەڵەبالغ بووەو خەڵك تامەزرۆی گوێگرتن لە ئامۆژگاریەکانی بوون (السبکي، 1413هـ، 239/8). هاوکات لەو کاتانەی لە ڕۆژهەلاتیش بوو بەردەوام کۆشك و دەرباری ئێجگار قەرەبالغ بووە بە ئەدیب و هۆنراوە بێژان، لە دیارترینیان مهذب الدین عبدالله بن ابی الحسین ناسراو بە ابن الاردخل (م: 627ك/1231ز) لە دانیشتنەکاندا بە هۆنراوە گوزارشتی لە ئازایەتی و مەردایەتی مەلیك الاشرفی دەکرد(ابن خلکان، 1994، 336/5).

هەرچی مەلیك المعظم بوو، ئەوا لەبەر ئەو ئاستە بەرزەی کەوا لە لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری هەیبووە ناسراوە بە بیریارو شەرعناسی ماڵباتی ئەیوبی(ابن تغري بردي، د.ت، 268/6) بەردەوام پەرۆشی دانشتنی کۆڕو کۆبوونەوەی زانایان وئەدیبان بووە، لەم نێوەندەشدا زۆر جار دەهاتە کۆڕو وانەکانی سیف الدین الامدي[18] لە قوتابخانەی (العزیزیة)[19] لە دیمەشق (سبط ابن الجوزي، 1951، ج8،ق294/2)، تیایدا وانەی دەگوتەوەو بە گوتارو قسەکانی هەموانی سەر سام دەکرد بە دەگمەن لە دیبەیت ڕووبەروبونەوەکان کەسێکت دەبینی قسەی لەسەر قسەکانی هەبووایە، بەمەش هەموو لایەکی تووشی شۆك کرد، هەر بۆیە مەلیك المعظم دەهاتە کۆڕو وانەکانی و بە تامزرۆیەوە گوێ دەگرت لە قسەو گفتوگۆو دیبەیتەکانی. ئەمە لە کاتێکدایە شارەزایە زۆرەکەی لە بارەی فقە وایکرد بوو زۆر تامەزرۆی کفتوگۆو دیبەیت ڕووبەروو بونەوە بێت لەگەڵ زانایانی ئەو بوارە، لەم نێوەندەشدا ابن واصل لە گێرانەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەکات کاتێك مەلیك المعظم لە ساڵی 623ك/1225ز هاتە شاری قودس بانگهێشتی ژمارەیەك لە شەرعناسەکانی کرد کە لە نێویشیاندا یەکێکیان باوکم بوو، بەمەبەستی دیفچوون و ئاڵوگۆرکردنی بیرورا لە بارەی بابەتە زمانەوانی و شەرعیەکان ( ابن واصل، 1957، 213/3).

جگە لەوەش كەلیك المظفر شهاب الدين غازي(م: 645ك/1247ز)خاوەنداری میافارقین(سلێڤان) لـە دەربارێـدا زۆر حـەزی بـە گوێگرتن لە بەسەر هات و چیرۆكی میللەتانی پێشینان هەبووە، تەنانەت خۆشی هەنـدێك جـار شـان بەشـانی ئـەوان لەبـەر بـوونی زانیاری زۆر چیرۆكی پێشینانی گێراوەتەوە(الذهبي، 2003، 530/14)، سەرەڕای ئەوەش نێوانی زۆر خـۆش بـووە لەگـەڵ ئـەدیب و هۆنراوە بێژان بەردەوام لە خۆی نزیك دەكردنەوەو لە بەرامبەر پەسن و ستایشەكانیان پاداشتی دەكردن، بە تایبـەتی شـاعیری دیـار عز الدين مودود (م:605ك/1208ز) (ابن االفوطي، 1962، ج4،ق366/1-367).

جێگای ئامـاژە پێكردنـە، مـەلیك الصـالح نجـم الـدين ئـەیوب(م:638_647ك/1240_1249) خاوەنـداری حصـن كیفا(حسـكێف) پێچەوانەی بەشێكی زۆر لـە مەلیكـەكانی ئـەیوبی هـیچ مـەیلی بـەلای بابەتـە زانسـتیەكان نـەچووە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا زانـاو بیرمەندانی خۆش دەویست و مووچەو ژیانی شایستەی بۆ فەراهەم دەكردن، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانـە تێكـەڵاویان نـەدە بـوو لەگەڵیان دانەدەنیشت مەگەر لەگەڵ هاوبەشە تایبەتیەكانی خۆی نەبێ لە دانیشتنی مەیخواردنەوە (ابن واصل، 2004، 84/6، 88).

لە لایەكی دیكەش مەلیك الناصر داود خاوەنداری الكرك[20] هەمیشە لە كۆڕو دانیشنتە زانسـتیەكاندا زیرەكـی و لێهـاتووی خـۆی بەدیار دەخست، لەم چوارچێوەیەشدا كاتێك لە ساڵی 629ك/1231ز مەلیك الكاملی مامی هاتە لای لە قـەڵای الكـرك، ئـەویش لـە بەرامبەردا لە بەرامبەر شكۆو خانەدانیەكەی كۆبونەوەیەكی گەورەی لە دەربارێدا ڕێكخست بە ئامادەبوونی ژمارەیەكی زۆر لە زانـاو شەرعناسەكان كـە تیایـدا گفتوگـۆ ڕاگۆڕینـەوە كـرا لـە بـارەی بابەتـە شـەرعیەكان، ئیـتر لـەو كاتەشـدا زیرەكـی و شـارەزایی نـاوبراو بەدیاركەوت، كاتێك مەلیك الكامل و تەواوی ئامادەبووانی دیكە چوونە بەرەیەك وهەموویان لە سەر ڕێبازی شافعی بوون، ئەوە لە كاتێكدا بەرەكەی دیكەیان بە تەنیا مەلیك الناصر داود بوو كە هەروەك باوكی لە سەر ڕێبازی ئەبو حنیفە بـوو بەرامبـەر هـەموویان وەستا بوو بەرگری لە خۆی و بیرۆكەكانی دەكرد بە بێ ئەوەی هیچ كامێكیان پشـتگیری بكـەن بەرامبـەر بـە ئەوانـەی دیكـەیان (ابـن واصل، 1957، 14/5).

هەندێك لە مەلیكەكان لە كۆشك و دەربارەكانیـان ژمـارەی زانـاو ئەدیبـەكان زۆر زیـاتر بـووە لـە ژمـارەی میـرو فەرمانـدەو سـەر لەشكرەكان، ئەوەتا لە بارەی مـەلیك المنصـور محمـدی یەكـەم خاوەنـداری حـماە دەگوترێـت: ((نزیكـەی دوو سـەد شـەرعناس و زمانەوان وئەوانەی خەریك بوون بە فەلسەفەو لۆژیك ئەندزیارو ئەستێرە ناس و ئەدیب وهـۆنراوەبێژ لـە خزمـەتی دابـوون)) (ابـن واصل، 1956، 79/4؛ الكتبي، 1974، 12/4).

لە لایەكی دیكەش، دانیشتنە ئەدەبیەكان ڕەواجێكی ئێجگار زۆری هەبووە، تەنانەت زێدەڕۆی تێدا نیە ئەگەر بگوترێـت دەگمـەن بەرچاو دەكەوێت لە نێو ماڵباتی ئەیوبیەكان بەگشتی مەیلی بەلای ئەدەب و شـیعرو هـۆنراوە نـەچوو بـێ، ئـەو زیـاتر لـەو ژینگـەو پاشخانە زانستی و ئەدەبیە سەرچاوەی گرتووە كەوا تیایدا ژیاون، هەر بۆیە تێبینی ئـەوە دەكرێـت دەربارەكانیـان ئێجگـار قـەرەبالغ بووە بە ئەدیب و هۆنراوە بێژان، بە جۆرێك لە بارەی مەلیك الناصر یوسف خاوەنداری شام دەگوترێت: ((ژمارەیەكی زۆر لە ئەدیب و هۆنراوە بێژانی لە خۆی نزیك دەكردەوەو لەگەڵیاندا دادەنیشت، تەنانەت لە خودو زەینـی خۆشـیدا خۆشەویسـتی بـۆ ئـەدەب و شیعر ڕەنگی دابەوەو توانای باشی هەبووە لە دانـانی كـێش و سـەروا بـۆ هۆنراوەكـانی)) (الیـونیني، 1992، 142/2). جگـە لـەوەش لەگەڵ هەندێك لە هۆنراوە بێژەكان پەیوەندیەكی توندو تۆڵی هەبووە تاوەكو كار گەیشتبووە ئەوەی گەر ماوەیەك لە دەرباری دیار نەبووایە ئەوا بە پەرۆشیەوە لە هەواڵی دەپرسی و بەدوایاندا دەینارد، ئەوەش بە ڕوونی بەرجەستە دەبێ لـە نێـوان مـەلیك النـاصر یوسفی دووەم خاوەنداری شام و مجد الدين عبدالرحمن ابن العديم دیـاری و نێـردراوی ناردۆتـە لای و بـە هـۆنراوە لـە هـەواڵی پرسیوە هەروەك دەڵێت:

| | |
|---|---|
| اقول لدمعی عین صارت بمهجتی | لقد خفت ان تبيض عيني الاقف |
| فقالت جفوني لا تجف فيض عبرتي | فبشراك قد اوفى قميص ليوسف (اليونيني، 1992، 312/3). |

بەدەر لە هەموو ئەو جۆرە دانیشتنانەی ئاماژەی بۆ كرا، لە هەندێك دانیشتنەكاندا هێندە كراوە بوو وا هەست نـەدە كـرا لەگـەڵ مەلیك دانیشتوون، لەبەر ئەوەی كەش و هەوای پێكەنین و گاڵتەو گەب باڵی دەكێشا بەسەریدا، ئـەوەش بـە ڕوونـی لـە كەسـێیەتی مەلیك المنصور محمدی دووەم خاوەنداری حماە ڕەنگی داوەتەوە لە دانیشـتنی دەربارەكانیـدا حـەزی لـە گاڵتـەو پێكـەنین بـووەو هەمیشە خۆی دەستپێشخەر بووە بۆ ئەوەی دانیشتنەكانی كەشێكی كراوە وەربگرێت (الصفدي،2000، 9/5).

**3 / 2_ گۆرانیی و مۆسیقا:**

گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی شێوازێکی دیکەی کات بەسەر بردن بووە لە لایەن مەلیکەکانی ئەیوبی، لەم ڕووەشەوە گرنگی و بایەخی زۆریانداوە بە گۆرانبێژو مۆسیقاژەنەکان و نزیکیان کردونەتەوە لە خۆیان وبەشداریان پێکردون لە بەشێك لە دانیشتنە تایبەتیەکانیان، ئەوەش بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە مۆسقاو گۆرانی بە تایبەتی ڕتمی هێواش و لەسەرخۆ کاریگەری زۆری هەیە لە سەر هەست و سۆزی ئادەمیزاد، لەم سۆنگەیەوەش بە زمانی هەست و سۆزو ناخ لە مرۆڤ ناوزەند دەکرێت (شلبي، 1986، ص181)، هەربۆیە لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت مەلیك و دەسەڵاتداران وەکو چەکێکی دوو سەرە بەکاریان هێناوە هەم بۆ ئاسودەکردنی دەرون و ڕۆح و گیانیان، هەم لە ئاهەنگ و بۆنەو دانیشتنە تایبەتیەکانیان چێژیان لێوەرگرتووە بۆ خۆشی وکات بەسەر بردنیان.

هەندێ لە مەلیکەکانی ئەیوبی گیرۆدەی گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسقا بوون، تەنانەت هیچێك لە دانیشتنە تایبەتیەکانیان نەبووە مەگەر لە لایەن ئەوانەوە گەرم و گوڕی جۆش و خرۆشی پێنەدرا بێت، بە شێوەیەك مەلیك الافضل خاوەنداری دیمەشق ناسرا بوو بەوەی ئارەزوویەکی بێشوماری هەبووە بۆ گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی لە شەوان و ڕۆژدا (ابن واصل، 1957، 40/3)، بەڵام تا سەر بەردەوام نەبوو لەسەر ڕووچوون لە ژیانی خۆشگوزەرانی، بەڵکو دواجار وازی لە ژیانی دونیایی هێناو تەنیا خۆی تەرخانکرد بۆ خواپەرستی و نووسینەوەی قورئانی پیرۆز بە دەستی خۆی، بەڵام ئەو هەڵوێستە هیچ کاریگەری نەبوو لە سەر ژیانی سیاسی و بە مایە پووچی سەری نایەوە.

هەروەها مەلیك الاشرف کوڕی مەلیك العادل ڕووچوو بوو لە ژیانی دونیایی، بە تایبەتی لە گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی (ابن العبري، 1992، ص250؛ الحنبلي، 1987، ص297)، بەڵام دوای ئەوەی نەخۆش کەوت، ئینجا دوور کەوتەوە لە هەوا هەوەس و ئارەزووەکانی.

جگە لەوەش هەندێکیان مەیلیان بەلای مۆسیقادا چووەو تاڕادەیەك شارەزاییان تێدا هەبووە، تەنانەت کاتێك زانیویانە کەسێك بە ئەزموون و شارەزایە ئەوا هەوڵیاندایە پەلکێشی بکەن بۆ ئەوەی کەڵك و سوود لە بەهرەکانی وەربگرن، ئەوەتا مەلیك المعظم خاوەنداری دیمەشق ئارەزووی گوێگرتن لە مۆسیقایی هەبووە، لەم نێوەندەشدا کاتێك گوێبیستی هەواڵی ئەوە بوو کە شمس الدين الخويي (م:637ك/1239ز) هاتۆتە دیمەشق، دەست بە جێ بە دوای دا نارد، ئەویش هاتە دانیشتنەکانی و بە ئامێری قانون مۆسیقای بۆ ژەنی و لەگەڵیدا گۆرانی دەگووت، لە بەرامبەردا مەلیك المعظم خۆشحاڵ بوو بە بەهرەو تواناکانی وداوای لێکرد یاوەری بکات لە کات بەسەر بردنی شەوانەکانی (النويري، 2004، 177/29).

جگە لەوەش، رشيدالدين ابن خليفة(م: 649ك/ 1251ز) وەکو کەسێکی بەهرەمەندو شارەزا لە بوارەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و ئەدەب، پایەیەکی بەرزی هەبوو لە لای مەلیك العادل و کوڕەکانی، لەگەڵ ئەوەش شارەزایەکی بێ وێنەی هەبووە لە بواری مۆسیقاو گۆرانی گوتندا، لەم ڕووەشەوە پەسن و ستایشی زۆر کراوە بەوەی لە سەردەمی خۆیدا هاوتای نەبووە لە ژەنینی مۆسیقا بە ئامێری عود و هاوکات خاوەن دەنگێکی نەوازەش بووە (ابن ابی اصيبعة، د.ت، ص ص736-739)، هەر بۆیە مەلیك المعظم زۆر لە خۆی نزیك کردەوەو بەردەوام بە یەکەوە بوون ولە دانیشتن و کات بەسەر بردنەکانیدا مۆسیقای بۆ دەژەنی و گۆرانی بۆ دەگوت تا جارێکیان مەلیك الکامل میوانی یەکێك لە دانیشتنەکانی بوو لە شاری دیمەشق ابن خلیفە بە گۆرانی و دەنگە نەوازەکەی سەرسامی کرد، لە بەرامبەردا مەلیك الکامل ڕێزی گرت و بە پێنج سەد دیناری مصری پاداشتی کرد (ابن ابی اصيبعة ، د.ت، ص 739). بە هەمان شێوە، ابو العباس هەزبانی ناسراو بە صلاح الدين اربلي(م: 631ك/1233ز) گۆرانی بێژو هۆزانڤانێکی دیاری سەردەمی خۆی بووەو سەرەتا لە خزمەتی مظفرالدين گوگبوری[21] خاوەنداری هەولێر بووە، پاشان ڕوویکردۆتە ناوچەکانی شام و لە خزمەتی مەلیك القاهر کوڕی مەلیك العادل بووە، لە دوای ئەویش وەك گۆرانبێژێکی نەوازە ساتە خۆشەکانی لە لای مەلیك المغيث کوری مەلیك العادل بەسەر بردووە و یاوەری کردووە لە گەشت و گەرانەکانیدا، دوای هەموو ئەوانەش چۆتە مصرو لە لای مەلیك الکامل پایەی بەرزی هەبووە(ابن العديم، د.ت، 983/2-986؛ الصفدي، 2000، 40/7-41). هەموو ئەوانەش ئەو ڕاستیەمان بۆ بە دیار دەخەن گۆرانێژە دەنگ خۆش و نەوازەکان هەمیشە توانیویانە ببنە جێگای ڕەزامەندی دەسەڵاتداران و بەردەوام پایەیەکی بەرزیان هەبووە لە لایان.

وە نەبێ تەنیا پیاوان بۆ مەلیکەکانی ئەیوبی مۆسیقایان ژەنیبێ و گۆرانیان گوتبێ، بەڵکو کچ و کەنیزە جوان و دەنگ خۆشەکانیش لەناو کۆشك و دانیشتنە تایبەتیەکاندا بە دەنگە نەوازەکانیان گوڕو تینی زیاتریانداوە بە خۆشی وکات بەسەر بردنەکان، لەم نێوەندەشدا هەر یەکێك لە مەلیکەکان کۆمەڵێك کەنیزە لە خزمەتیان دابوون، ئەوەتا لە کاتی هاتی ضيفة خاتونی کچی مەلیك العادل(م: 640ك/1242ز) بۆ حلب بە مەبەستی شوکردنی بە مەلیك الظاهر غازي سەد کەنیزە یاوەریان دەکرد گشتیان گۆرانیبێژی

دیار بوون لە یانەکان(ابن واصل، 1957، 214/3). سەرەڕای ئەوەش هەندێکیان لە ڕێگای بەهرەو تواناکانیان لە ژەنینی مۆسیقاو گوتنی گۆرانیدا پایەیان بەرز بووە، ئەوەتا مەلیك العادل کەنیزەیەکی هەبوو بە ناوی فنون کە ناسرا بوو بە (فنون العادلیة)، بە دیاری لە لایەن مەلیکی ڕۆم بۆی هاتبوو ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ بوو، لە هەمان کاتدا خاوەن دەنگێکی نەوازەش بوو، هەر بۆیە لە ناو کۆشکدا سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بوو (ابن فضل الله العمري، 1423هـ، 636/10-637).

جگە لەوەش، هەندێگ لە مەلیکەکان گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی لە نێو دڵ ودەروونیاندا ئاوێتە ببوو، بە شێوەیەك مەلیك الامجد خاوەنداری بعلبگ شەیدای دەنگی یەکێك لە کەنیزە دەنگ خۆشەکانی بوو کە ناسرا بوو بە (السوداء)، لە دوا ڕۆژەکانی ژیانی جێی هێشتبوو، بەڵام کاتێك گوێبیستی هەواڵی کوشتنی مەلیك الامجد بوو لە ساڵی1230/628 لە لایەن یەکێك لە خزمەتکارەکانی، دووبارە گەرایەوە شێوەنیکردوو لە داخا پۆشاکەکەی خۆی دراندو دەستی بە گۆرانی کردو گووتی:

| | |
|---|---|
| وقد كنت ارجو طيفها ان يلم بى | فلا طيفها وافي ولا اجتمع الشمل |
| فلما احسست بالمات تعطفت علي | و عندى من تعطفها شغـــــــــــــل |
| اتت وحياض الموت بيني وبينها | وجاءت بوصل حين لا ينفع الوصل (مؤلف مجهول، 2010، ص386) |

هەندێك جار مەلیکەکانی ئەیوبی بە بۆنەی سەرکەوتنەکانیان ئاهەنگی گەورەیان سازدەکرد و تیایدا کەنیزە دەنگ خۆشەکان بە دەنگە پڕ سۆزو نەوازەکانیان ئامادەبوانیان سەر سام دەکرد، لەم نێوەندەشدا مەلیك الكامل دوای وەدەرنانی خاچیەکان لە شاری دمیاط لە ساڵی 618ك/1221ز ئاهەنگ و خوانێکی گەورەی ئامادەکرد بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە مەلیك و کاربەدەستان کە لە نێویاندا مەلیك المعظم خاوەنداری دیمەشق و مەلیك الاشرف خاوەنداری ناوچەکانی ڕۆژهەڵات ئامادەبوون، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانیبێژو مۆسیقا ژەن و هۆنراوەبێژان، لەم ئاهەنگەدا مەلیك الاشرف داوای لە کەنیزەکەی خۆی کرد بە ناوی (ست الفخر) گۆرانی بۆ بڵێت، ئەویش لە بەرامبەردا هەستایەوە سەر پێی و دەستی دایە ئامێری عودەکەی دەستیکرد بە گۆرانی گوتن وگووتی:

| | |
|---|---|
| ولما طغا فرعون عكا و قومــــــــه | و جاء الى مصر ليفسد في الارض |
| اتى نحوهم موسى وفى يده العصا | فأغرقهم فى اليم بعضا على بعض |

هەڵبەتە ئەو وتانەی کە دەیگوت بێ کاردانەوە نەبوو، لە بەر ئەوەی باسی گەورەی مەلیك الاشرفی دەکرد، هەر بۆیە مەلیك الكامل داوای لێکرد کە بێ دەنگ بێ، دوای ئەوەش فەرمانی بە کە نیزەکەی خۆیکرد گۆرانی بڵێ، ئەویش دەستی دایە عودەکەی وگووتی:

| | |
|---|---|
| ايا أهل دين الكفر قوموا لتنضرو | لما قد جرى فى وقتنا وتجدوا |
| أعباد عيسى ان عيسى وقومه | و موسى جميعا ينصرون محمدا |

دیارە ئەو گۆرانیەش بووە جێگای ڕەزامەندی مەلیك الكامل، لەبەر ئەوەی وێنایی هەمەهەنگی نێوان براکانی تێدا کێشرا بوو بۆ یارمەتیدانی گەورەکەی، هەربۆیە بە پێنج سەد دینار پاداشتی کرد، هاوکات بە هەمان شێوەی ئەو پاداشتی کەنیزەکەی براشی کرد (الدواداري، 1972، 215/7، ابن اياس، 1975،ج1،ق263/1).

بەدەر لەوەش، هەندێکیان مەست و گێرۆدەی گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا بوون، بەشێوەیەك کاتی گوێبیستی مۆسیقا دەبوون وێل و سەرگەردان دەبوون ئاگایان لە دەوروبەری خۆیان نەدەما، هەروەك مەلیك الصالح نجم الدين ئەیوب، کاتێك گوێبیستی گۆرانی دەبوو لە شۆێنی خۆی مت دەبوو، تەنانەت ئامادەبووانیش ئەوانەی لەگەڵی بوون وایان دەکرد، وەك بڵێ چۆلەکە بەسەر سەریانەوە وەستابێت (الحنبلي، 1987، ص381).

**3/ 3_ دانیشتنی مەیخواردنەوە:**

سەبارەت بە دانیشتنی مەیخواردنەوە، ئەوا بەشێك لە مەلیکەکانی ئەیوبی هاو شێوەی زۆرێك لە مەلیك و ڕێبەرو کار بەدەستانی پێشوو گیرۆدەی خواردنەوەی مەی بوون، ئەمە لە کاتێکدایە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانی بە بەندەکانی کردووە بەردەوام خۆی لێ بە دوور بگرێت، لە بەر ئەوەی کارو کردەوەی شەیتانە، هەروەك دەفەرموێت: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ} (سورة المائدة، الاية/90)، بەڵام ئەوەی لێرەدا

جێگای باسه، تەنیا مەلیكەكانی ئەیوبی نەبوون، له ناو كۆشك [22] و دەربارەكانیان له دانیشتنه تایبەتیەكانی كات بەسەر بردنیان مەیان خواردبێتـەوە، بـەڵكو لـه قۆناغـەكانی پـێش ئـەوانیش مـەلیك و دەسـەڵاتداران بەشـێكیان كـاتی تایبـەتیان تـەرخانكرد بـوو بـۆ مەیخواردنەوە، بەڵام به ڕێژەی جیا، ئەوەتا هەندێكیان له شەو و ڕۆژێكدا یەك جار خواردوویەتیانەوە، هەندێكیان سێ ڕۆژ جارێك، هەندێك مانگانه جارێك، تەنانەت هەندێكیان هەموو كات سەرخۆش و بێهۆش بوون (الجـاحظ، 1914، ص ص151-152)، لێـرەدا ئەوە به مانای ناوزراندن و تانه دان نیه له خودی ئەو كەسایەتیانە، بەڵكو دوور له كاری ڕامیـاری و بـەڕێوەبردن وەك بـه شـێك لـه ژیانی كەسێیەتی تایبەتی خۆیان به خۆشگوزەرانی و بەشێك له ساته وەختەكانی ژیانیان بەوە شێوەیە بەسەر بردووە.

له لایەكی دیكەش، سەرچاوەی سەرەكی بەرهەمهێنانی مەی و پێكهاتەكانی خودی ناوچەی شام و جەزیرە بووە، ئەوە له كاتێكدایە به شێكی زۆری له ڕێگای بازرگانەكانەوە له دەرەوە دەهێـنراو تەنانـەت فرۆشیارەكانیشـی لـه شـوێنیكی دیـاریكراو نەدەگیرسـانەوە، بەڵكو به كۆچەو كۆڵانەكان دەسورانەوەو دەچوونه هەموو كون كەلەبەرێكی شارەكان، ئەوەش وایكردبوو نەك تەنها دەسەڵاتداران، بەڵكو خەڵكه گشتی و ئاساییەكەش به ئاسانی دەستیان پێ بگات (عبدالخالق البنا، 2007، ص107)، ئەوە لـه كاتێكـدا كرسـتیانەكانی ناوچەكانی شام و جەزیرە ڕۆڵی ئەرێنیان هەبووە لـه بڵاوكردنـەوەی مـەی و خواردنـەوە بێهۆشـكەرەكان، لـە هـەمان كاتـدا بـوونی ژمارەیەكی زۆر له یانەو شوێنی كات به سەر بردن یارمەتیدەر بووە بـۆ ئـەوەی ئـەو جـۆرە خواردنەوانـە بـەر بڵاوبـێ بـە شـێوەیەكی بەرچاو له نێو خەڵكدا(باشا، 1989، ص ص583-584؛ d. Aix, 1896, p: 645).

به لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەوانە، هەندێ له مەلیكەكان سەر سەختانه گیرۆدەو وێڵی مەیخواردنەوە بوون، به شێوەیەك مەلیك الافضل خاوەنداری دیمشق خەڵكەكەی ئومێدی زۆریان لەسەر هەڵچنی بوو له دوای مردنی سەلاحـەددین، بـەڵام بـه پێچەوانـەوە ڕووی كردە ژیانی ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و تەواوی كاروبارەكانی میللەتی پشتگوێ خست، به جۆرێك له دانیشتنەكانی شـەوانەدا تا وەكو بەیانی له ئەنجامی خواردنەوەی له ڕادەبەدەر سەر خۆش و بێهۆش بوو، له بەرامبەریشدا له جیاتی ئەوەی ڕۆژانه خۆی بـه كاروباری میللەت خەریك بكات دەنووست، ئیتر ئەوەش كاریگەری زۆری هەبوو له سەر ژیانی كەسێیەتی وایكـرد نازنـاوی مـەلیكی خەوتوو(ملك النوام) هەڵبگرێت (ابن تغري بردي، د.ت، 122/6). جگه لـەوەش كەسـایەتیەكی ئـەوتۆی نـەبووە بـۆ ئـەوەی بتـوانێ بەسەر ئارەزووەكانی زاڵ بێ، بەڵكو له كاری رابواردن و خواردنەوەدا كەوتۆتە ژێر كاریگەری قسـەی كەسـانی دیكـە، بـە شـێوەیەك مەلیك العادلی مامی ڕۆژێك له یەكێك له دانیشـتنەكانی خواردنـەوەی ئامـادەبووەو لـە جیـاتی ئـەوەی ئامۆژگـاری بكـات بـۆ دوور كەوتنەوە لەو جۆرە ڕەفتارانە، بەڵكو هانیداوە بەوەی ئەو جۆرە كارانه به شاراوەی هیچ جۆرە خۆشیەكی تێدا نییـە، هـەر بۆیـە پـێ گوتووە: (( ڕابواردن له ژێر پەردەدا هیچ تام و چێژێكی نییە)) (ابن واصل، 1957، 40/3)، بێگومان ئەوەش زیاتر بـۆ ناشـیرینكردنی سیماكانی بووە، بەڵام له جیاتی ئەوەی به كردەوەكانی دا بچێتەوە، ئـەوا ئامۆژگاریـەكانی بـە هەنـد وەر گرتـووە زۆربـەی كاتـەكات خەریكی خواردنەوە بووە.

هەرچی مەلیك الظاهر غازي خاوەنداری حلبە، ئەوا له ڕووی كەسێتیەوە زۆر جیـاواز بـووە لـە مـەلیك الافضـل، بـەڵام ئـەویش گیرۆدەی خواردنەوەی مەی بووە، ئەوەش له میانەی گێرانەویەكدا ابن نظيف الحموي (1981، ص72)، ئاماژە بەوە دەكـات مـەلیك الظاهر له دانیشتەكانیدا مەیخواردۆتەوەو تەنانەت له گەشتەكانیدا زۆر حەزی له خواردنی گۆشتی وشكراو(باسترمە) به نیسك بـوو لەگەڵیدا ئارەق و مەیەكی زۆری دەخواردەوە.

بەهەمان شێوە مەلیك الناصر یوسفي دووەم خاوەنداری شام نێوانی خۆش بووە لەگەڵ خواردنەوە، لەم نێوەندەشدا هەندێك جار له دانیشتنەكانی كات بەسەربردندا لەگەڵ هۆنراوە بێژە نزیكەكانی مەی خواردۆتـەوە، ئـەوەش ڕەنگدانـەوەی هـەبووە لەسـەر ئەوەی كه یەكێك له هۆنراوە بێژەكان به ناوی سیف الدين علی بن عمر بن قزل(م: 656ك/1258ز) به بۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزان پیرۆزبایی لێكردووەو هاوكات داوای لێكردوووە بەوە بۆنەیەوە مەی بخواتەوە هەروەك گووتویەتی:

| | |
|---|---|
| اشرب هنيئا صبيحه العيـــــد | بين غناء وبين تغريـــــــد |
| سلاف راح من قبل ما عصرت | روقها الكرم فى العناقيد |
| فاكتست رقه الصـــــبا وروت | لطافة المزن بالاسانــيد |
| يسعى بها أهيف تمائـــــــله | أحسن من هزهة الامالـيد (ابن قزل المشد، 2002، ص369) |

هەر چەندە مەلیك العادل خوی لە هیچ بارێکدا مەی نەخواردۆتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە کوڕەکانی مەلیك العادل نێوانیان خۆش بووە لەگەڵ خواردنەوە، بە جۆرێك مەلیك الكامل، خواردنەوەو کات بەسەر بردن ببوو بە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی، بە شێوەیەك هەموو ڕۆژێك دوای تەواو کردنی ئەرکەکانی و خواردنی دواین ژەمی خواردنی ڕۆژانەو ئەنجام دانی نوێژی شێوان، هەڵدەستا بە گۆڕینی جلو بەرگی و پۆشاکی خواردنەوەی دەپۆشی[23] و تاوەکو درەنگانێکی شەو خەریکی خواردنەو کات بەسەر بردن بوو (مؤلف مجهول، 2010، ص417). هەرچی مەلیك الاشرفە، ئەوا زۆر بە خۆشی ژیاوە، تەنانەت بە شێکی زۆر لە سەرچاوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کەوا ڕوو چوو بوو لە ژیانی دونیایی و زۆربەی کاتەکانی بە خۆشی و خۆشگوزەرانی بەسەر دەبرد، بە تایبەتی لە خواردنەوەو گوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی(ابن العبري، 1992، ص250؛ ابو الفداء، 1999، 175/3؛ الحنبلي، 1987، ص297).

جگە لەوەش، مەلیك المعظم مەیخۆرێکی بە سەلیقەو دیار بووە، بە تایبەتی لە خواردنەوەی شەربەت و گیراوەی خورماو ئاوی هەنار، لەم نێوەندەشدا زۆر جار کەوتۆتە کێشەو ململانێ لەگەڵ دادوەرەکات بەوەی داوای لێکردوون فتوی خواردنەوەی ئەو جۆرە لە گیراوانەی بۆ بدەن، لە بەرامبەریشدا هەر یەکێکیان یاخی بووایەو نەچوبایە ژێر باری بۆچوونەکانی و بەدڵی ئەو قسەی نەکردایە، ئەو لە کارەکەی دووری دەخستەوە (سبط ابن الجوزي، 1951، ج8،ق674/2). ئەوەتا دادوەری دیمەشق شرف الدین الموصلي(م: 629ك/1232ز یەکێك بوو لە قوربانیەکانی دەستی ئەو، دوای ئەوەی داوای لێکرد کە خواردنەوەی گیراوەی خورماو ئاوی هەناری بۆ حەلال و ڕێگە پێدراو بکات، لە بەرامبەردا ئەویش نەهاتە ژێر باری قسەکانی گووتی: ((لەو بابەتە ناچمە سەر قسەکانی پێشەوا ابو حنیفە، من لەسەر ڕێبازی محمدم(د.خ) ئەویش حەرامی کردووە)) (الذهبي، 2003، 878/13)،، سەرئەنجام لەبەر هەڵوێستەکانی لە کارەکەی دووریخستەوە. لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەوانە دەگوترێت مەلیك المعظم بۆیە ئەو مەزهەبی ابو حنیفەی قبوڵکردوەو دەمارگیر بووە بۆی، لە بەر ئەوەی خواردنەوەی مەی وگیراوەکان لە ئاوی خورماو هەناری ئاسایی کردووە ئەگەر پێیانەوە سەرخۆش نەبی (بدوي، 1953، ص10).

سەرەڕای ئەوەش، هەندێك جار تێبینی ئەوە دەکرێت، خواردنەوەی لە ڕادەبەدەری مەلیك المعظم کاریگەری هەبووە لە سەر تێکچونی پەیوەندی لەگەڵ براکانی، بە شێوەیەك لە ساڵی 623ك/1226ز مەلیك الاشرف میوانی مەلیك المعظم بوو لە شاری دیمشق، لەو کات و ساتەشدا نێوانی مەلیك المعظم خۆش بوو لەگەڵ جلال الدین منکوپرتی[24] خەوارزمی، بەڵام لە میانەی خواردنەوەیان بە یەکەوە المعظم ئەوەندە زۆری مەی خواردەوە تاوەکو سەرخۆش و بیهۆش بوو، ئا لەم ساتەشدا سوێندی بەسەری سوڵتانی خەوارزمیەکان خوارد، ئیتر ئەم ڕەفتارەش بووە جێگای نیگەرانی و توڕەبوونی مەلیك الاشرف، هەربۆیە دەست بەجێ ڕوویکردە لای مەلیك الكامل لە مصرو پاشان جۆرێك لە هاوپەیمانیەتی لە نێوانیاندا هاتە کایەوە (النویري، 2004، 89/29). ئەوە لە کاتێکدایە مەلیك الحافظ نورالدین ارسلان شاه خاوەنداری قەڵای جعبر هاوشێوەی براکانی نێوانی زۆر خۆش بووە لەگەڵ خواردنەوەی مەی، تەنانەت هێندە زۆر دەیخواردەوە تاوەکو دەگەیشتە ئاستی بێهۆشبون وسەرخۆشبون، ئەوەش هەندێك جار ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوو بەسەر بڕیارو هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە کار بەدەست وکەسە نزیکەکانی (ابن نظیف الحموي، 1981، ص223).

وێرای هەموو ئەوانەش، تێبینی ئەوە دەکرێت لە هەندێك کات و ساتدا، بە تایبەتی لەو کاتانەی مەلیکەکان کۆك و تەبا بوون و پشتی یەکتریان گرتووە ئەوا هەر سێ برا بە یەکەوە خواردویانەتەوە، ئەوەش لە میانەی سەرکەوتنیان بە سەر خاچیەکان وەدەرنانیان لە شاری دمیاط لە ساڵی 618ك/ 1221ز، مەلیك الكامل ئاهەنگێکی گەورەی سازکرد بە ئامادەبوونی هەریەك لە مەلیك الاشرف و مەلیك المعظم برای، کە تیایدا بە خواردنەوەی مەی و ئاهەنگ گێران گوزارشتیان لە خۆشیەکانی ئەوە سەرکەوتنە کردووە (الدواداري، 1972، 215/7؛ المقریزي، 1997، 329/1).

لەگەڵ ئەوەی خواردنەوە ببووە پیشەی هەندێك لە مەلیکەکان لە دانیشتنەکانی کات بەسەر بردندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان لە ژێر هەڕەشەش ئامادە نەبوون مەی بخونەوە، ئەوەش لە میانەی گێڕانەوەیەکدا بە ڕوونی بۆمان بە دیار دەکەوێت دوای ئەوەی میافارقین کەوتە دەست مەغۆلەکان، مەلیك الكامل کوڕی مەلیك المظفر غازی خاوەنداری شارەکە بە بەندی کەوتە دەستیان و بردنیانە لای هۆلاکۆ کە ئەو کاتە لە ڕوها(ئورفە) بوو بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی حلب، لەو سەروبەندەدا هۆلاکۆ پەرداغێك مەی پێدا بۆ ئەوەی بیخواتەوە، ئەویش نەیخواردەوەو نکۆڵی لێکرد کە ئەوە شتێکی حەرامە، دواتر هۆلاکۆ فەرمانی بە ژنەکەی کرد کە پێی بدات، دووبارە پشتی تێکردو نەیخواردەوە، ئەم هەڵوێستەش بووە جێگای نیگەرانی وبە توندترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا کرد تا دوا جار بە خراپترین شێوە ئەشکەنجەیان داو کۆتاییان بە ژیانی هێنا (الذهبي، 2003، 899/14).

شایەنی باسە، هەندێك لە مەلیکەکانی ئەیوبی ئامۆژگاری نەوەکانیان کردووە دوورکەونەوەو خۆیان بپارێزن لە مەی خواردنـەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا مەسەلەی خواردنەوە بۆ خۆیان تێکەڵ بووە بە بەشێك لە ژیانیان، ئـەوەش ڕەنگدانـەوەی زۆری هـەبووە بـە سەر کەسێتی مەلیك الصالح نجم الدین ئەیوب، بە شـێوەیەك زۆر بـە کـەمی تێکـەڵاوی خـەڵك دەبـوو تـەنیا ئـەوە نـەبێ کـە لـە دانیشتنی مەیخۆرەکان ئامـادە دەبـوو (ابـن واصـل، 2004، 88/6)، بەڵگـەی دیکـەش لـە بەردەسـت دان شـایەتی ئـەوە دەدەن کـە مەیخواردۆتەوە، ئەوەش لە میانی گێرانەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەکرێت کاتێك مەلیك العادلی دووەم دەست بەسەر کراوە، یەکێك لە مەمالیکەکان هاتۆتە لای مەلیك الصالح بۆ ئەوەی چارنووسی یەکلابکەنەوە، ئەویش لەو کاتەدا خەریکی خواردنەوە بووە لە یەکێك لە دانیشتنەکانی وفەرمانی پێکردووە ئەو کـارە یـەکلا بکەنـەوەو لـە بەندیخانـەدا کۆتـایی بـە ژیـانی بهێـنن (مؤلـف مجهـول، 2010، ص462). سەرەڕای ئەوەش لەو ڕاسپاردەیەی بۆ کوڕەکـەی جێهێشـتووە لەوێـدا کۆمـەلیك ئامۆژگـاری لـە خـۆ دەگرێـت، یـەکێکیان جەختکردنەوەیە لـە دوور کەوتنـەوە لـە مـەی خواردنـەوە، لەبـەر ئـەوەی بەسـەرچاوەی هـەموو نەهامەتیـەکانی ناوزەنـد کـردووە (النويري، 2004، 29/220-228)، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامانە مەلیك المعظم توران شاه [25]هیچ کامێك لە قسەکانی بـاوکی لە گوێ نەگرتووەو بگرە لەوەش زیاتر بەردەوام خەریکی نواندنی کاری نابەجێ و خواردنەوەی لە ڕادە بەدەری مەی بووە (سبط ابن الجوزي، 1951، ج8،ق781/2).

**4/ دەرئەنجام**

توێژەران دوای تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1- مەلیکەکانی ئـەیوبی لـە کـاتی پشـووەکانیاندا شـێوازی کـات بەسـەر بردنیـان هەمـە جـۆر بـووە، ئـەوەتا هەنـدێکیان لـە کۆشـك ودەربارەکانیان بووە وەك دانیشتن لەگەڵ ئەدیب و زاناو ڕۆشنبیران و دانیشتنی تایبـەت بـە خۆیـان، ئـەوەی دیکەشـیان زیـاتر ئـەو وەرزش و هونەرانە بووە کە لەگەڵ ڕۆژگاری ئەوکاتدا گونجاو بووە.

2- بۆمان بەدیار دەکەوێت لە شێوازەکانی کات بەسەر بردنیان تاڕادەیەك زێدە ڕۆی وبەهـەدەردانی زۆری تێـدا نـەکراوە لەبـەر ئـەو بارودۆخەی وڵات پێـدا تێدەپـەڕی، بەتایبـەتی شـەڕو روبەروبونـەویان لەگـەڵ خاچیـەکان و هێـزە لۆکاڵیـەکانی ناوچەکـە و کێشـەو ململانێی ناوخۆ لەسەر پرسی دەسەڵات.

3- سەرەڕای ئەوەش هەندێك لە مەلیکەکان لە کاتی دانیشتنە تایبەتیەکانیان پارەیەکی ئێجگار زۆریان خەرجکردووە لە سفرەو خوان و ئاهەنگە تایبەتیەکانیان.

4- ڕاو کردن یەکێك بووە لەو ئارەزوانەی بەشێکی زۆر لە مەلیکەکان حەزیان پێی بووە، هەر کاتێـك بۆیـان گونجـا بێـت بەشـێك لـە کاتەکانیان بۆ تەرخانکردووە.

5- سوار چاکی و یاری تۆپێنی چۆغان (الصولجان) بەشێکی دیکە بوون لەو کـات بەسـەربردنانەی هـەم وەکـو ڕاهێنـان و وەرزش و مەشقی سەربازی هەم وەکو خۆشی و کات بەسەر بردن ئەنجامیان داوە.

6- لە پاڵ ئەوانەش ئەنجامدانی چەند یاریەکی زەینی و هزری وەك شەترەنج و تاولە لەگەڵ کەسە نزیکەکانیان.

7- هەندێك لە مەلیکەکان گەشت وسەیران و گەرانی زۆریان کردووە بۆ ناوچە گەشتیاری و دڵرفێنەکان بـە مەبەسـتی ئاسـودەکردنی دەروون و ناخ و ڕۆحیان.

8- هەندێك لە مەلیکەکان لە دانیشتنە تایبەتیەکانیاندا گیرۆدەی مەیخواردنەوە بوون، بە تایبەتی مەلیك الافضل  و مەلیك المعظم ، مەلیك الاشرف، بەڵام بەشێکی دیکەیان لە ژێر هەڕەشەشدا هەرگیز مەییان نەخواردۆتەوە وەك مەلیك الکامـل محمـد خاوەنـداری میافارقین بە کارێکی ناشەرعی و نەویستراویان لە قەڵەمداوە.

9- لە کـاتی بەشـداربوونیان لـە دانیشـتنەکانی تایبـەت لەگـەڵ زانـاو ڕۆشـنبیران بابـەتی جیـاواز ورژێنـدراوەو گفتوگـۆو دیبـەیت و ڕاگۆڕینەوەی لەبارەوە کراوەو بەشێك لە مەلیکەکان بەشدارییەکی ئەرێنی و کاراییـان تێـدا کـردووە لەبـەر ئـەو ئاسـتە ڕۆشـنبیری و مەعریفیەی لە بوارە جۆراو جۆرەکان هەیانبوە.

**پەراوێزەکان**

(1) تانژی سلوقی: یەکێکە لە جۆرەکانی سەگ وچەند تایبەتمەندیەکی تێدا هەبووە، لەوانە سەری بچووك بوو، ملی کورت بـوو، باڵـەکانی کـورت بـوو، ئەوە لەکاتێکدایە لاقەکانی درێژ بوو، جگە لەوانەش خاوەن لەش و لارێکی ڕێك و خێرایەکی لە رادە بەدەر بووە، سەبارەت بە ناویشی لـە بنەچـەدا دەگەڕێتەوە بۆ شارۆچکەی سلوق لە وڵاتی یەمەن (القزويني، د.ت، ص45).

(2) وڵاتی خەزەرو خوارزم: ناوچەیەكی گەورەو بەرفراوانە چەندین شارو ئاوایی لەخۆ دەگرێت، لە هەمان كاتدا دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی ئاوی و ڕێڕەوەكانی لەگەڵ جۆرەها میوە، لەپاڵ ئەوەش دەوڵەمەندە بە مایینی ڕەسەن و سەگ و تانژی ڕ اوكردن لەگەڵ جۆرەها باڵندەی وەك داڵ و شاهین( یاقوت الحموي، 1995، 2/395-397).

(3) خەڵات: خلاط: شارێكی ئاوەدان و بەناوبانگە لە هەرێمی ئەرمینیای ناوەڕاست هاو تخوبە لە گەڵ دەریاچەی وان( یاقوت الحموی, 1995، 381/3). هەر چەندە ئەو شارە بەشێك بووە لە ئەرمینیا، بەلام ماوەیەك لە ژێر قەڵەمرەوی ئەیوبیەكان بووە.

(4) حارم: لە بنەچەدا قەڵایەكی سەختە دەكەوێتە دەوروبەری حلب، بەڵام وەكو ناوچە دەوڵەمەند بووە بە زۆری دارو درەخت و سەرچاوە ئاوییەكانی (یاقوت الحموي، 1995 ، 205/2).

(5) بدرالدین لؤلؤ: بدرالدین ابو الفضل لؤلؤ ئەرمەنی و مەملوكی نور الدین محمود بووە، كەسێكی ئازاو چاونەترس و بەخشندەو خۆشەویست بووە لە لای خەڵكەكەی لە موصل، لە ساڵی 657ك/1259ز كۆچی دوای كردووە( الصفدی، 2000. 308/24).

(6) قەڵای رحبە: قەڵایەكی سەختە لە وڵاتی شام نێوانی لەگەڵ دیمشق هەشت ڕۆژەو لەگەڵ حلب پێنج ڕۆژە (یاقوت الحموي، 1995، 34/3).

(7) قرقیسیا: شارۆچكەیەكە دەكەوێتە سەر رووباری خابوور نزیكە لە قەلای رحبە( یاقوت الحموي،1995، 328/4).

(8) سوارچاك: نازناوێك بووە زیاتر لە دونیای رۆژئاوا( ئەوروپا) وابەستەی سیستەمی دەرەبەگایەتی بووە لە سەدەكانی ناوەڕاست، بە تایبەتی لە باشوری فەرنسا، هەر سەركردەیەك دەسكەوت و سەركەوتنی زۆری وەدەست خستایە ئەو نازناوەی پێ دەبەخشرا، بێگومان زۆرێك لە میرو سەركردەكان لە ڕێگای كارەكانیان هەوڵیاندەدا بەو نازناوە بگەن، بەڵام زۆر بە ئەستەم پێدەگەیشتن(الغلامي، د. ت، ص35).

(9) گۆرەپانی سەوز: ئەو مەیدانە بوو كەوا هەفتانە دووجار سەر لەشكرو فەرماندەو سەربازەكان تیایدا كۆ دەبوونەوە، بەمەبەستی مەشق و ڕاهێنان ونمایشی سەربازی لە سەر ئەسپسواری و بەكارهێنانی كەل و پەلەكانی شەڕكردن، دیارە لەو جۆرە گۆرپانانەش لە زۆرێك لە شارەكان هەبوو، ئەوەتا لە شاری دمشق لە خوارووی قەڵاكە بووە، بەڵام لە حلب دەكەوێتە بەشی رۆژئاوای شارەكە كە لە لایەن نورالدین محمود دروستكرا بوو كە لە دەوریشیدا دارو درەختێكی زۆر چاندرا بوون، هەر بۆیە بە گورەپانی سەوز ناسرا بوو (ابن شداد: الاعلاق الخطیرة، 1991، خ1،ق81/1).

(10) گۆرەپانی الحصی: ئەو گۆرەپانەش دەكەوێتە باشوری شاری دمشق و زیاتر زەویەكەی چەو زیخ ولماوی بوو، سەرلشكرو سەربازەكان مشق وڕاهێنان ونمایشی سەربازیان تێدا ئەنجام دەدا (سوفاجیە، 1936، ص40).

(11) الجوكندار: زاراوەیەكی لێكدراوە پێك هاتووە لە دوو برگە، جوكان واتە گۆچان، دار هەڵگرو پارێزەری، بەیەكەوە ئەو نازناوە دەدرا بە كەسێك كە دەبووە هەڵگرو پارێزەری گۆچانی مەلیك لە كاتی یاریكردندا (ابن طولون، 1992، ص64).

(12) حصن كیفا: قەڵایەكی سەختە دەڕوانێتە سەر رووباری دیجلەو دەكەوێتە نێوانی شاری ئامەد و جەزیرەی ئیبن عمر لە دەڤەری بەكر(یاقوت الحموي، 1995، 265/2).

(13) شەترەنج: زاراوەیەكی فارسیە، لە بنەڕەتدا شەش ڕەنگە، مەبەست لێی مەلیك و وەزیرو فیل وئەسپ وقەڵاو سەربازە (القلقشندي: 1987، 158/2؛ السخاوی، ، مخطوطة مصورة، ص37 ) یاخود دەگوترێت لە بنەڕەتدا لە زاراوەی( شاتورانجا) هیندییەوە هاتووە كە بە واتای یاری شەڕ (جەنگ) دێت.( Murray, 1913, p: 50).

(14) ئەو كۆشكە بە شێوازێكی هونەری زۆر جوان بنیادنراوە لە دیمشق لە لایەن مەلیك الاشرف، تەنانەت خۆی باس لەوە دەكات تەواوی موڵك و سامانی خۆم فرۆشت لە ڕۆژهەڵات لە پێناوی ئەو دوو شوێنە، ئەو مولكانەش هیچ بەرهەمێكی نیە مەگەر بۆ چێژ وەرگرتن نەبێ لە مانەوەو حەسانەوە تیایدا (ابن واصل، 1957، 144/5).

(15) شارۆچكەی العباسە: دەكەوێتە وڵاتی مصرو نێوانی لەگەڵ شاری قاهیرە پانزە فرسخە/90كم، ئەو ناوچەیە ناسرا بوو بە زۆری دار خورماو زەلكاوەكانی بەمەش باڵندەیەكی زۆر روویان تێدەكرد ئەمش كارئاسانی زۆری دەكرد بۆ كرداری ڕاوكردن، سەبارەت بە ناویشی لە عباسەی كچی ئەحمەد بن گولون هاتووە( یاقوت الحموي، 1995، 75/4).

(16) قەڵای جعبر: قەڵایەكی سەختە دەكەوێتە نێوان هەردوو شاری بالس و رەققە لە سەر ڕووباری فورات (یاقوت الحموي، 1995، 142/2).

(17) روح العارفین: ئەو كتێبە پێك هاتبوو لە حەفتا فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) كە خەلیفە ناصر لدین الله لە فەرموودە گێرەوە باوەرپێكراوەكان وەریگرتبوو تیایدا تۆماریكرد بوو، ئەوەش دوا بەدوای ئەوەی خۆی خەریكرد بە كۆكردنەوەو گێرانەوەی فەرموودە، پاشان داوایكرد ئەو كتێبە لە زۆربەی وڵات و هەرێمەكان دابەش بكرێت بۆ ئەوەی هەموو لایەك لە نزیكەوە پێیەوە ئاشنا بن و بیخوێنەوە. (بڕوانە: ابن واصل،1957، 3/228-233).

(18) سیف الدین الامدی: ابوالحسن عەلی كوڕی كوڕی عەلی كوڕی محمد، لە ساڵی 551ك /1156 لە دایك بووە، چەندین شوێن گەراوە وەكو بغداد، شام، مصر، خاوەنی چەندین بەرهەمی دانسقەو نەوازیە لە بارەی فەلسەفەو لۆژیك، لەوانە(لباب الالباب فی المنطق)،(مأخذ علی المحصول)،(شرح الجدل الشریف)، ( أبكار الافكار)، دواجار لە ساڵی 631ك/1233ز لە دیمەشق كۆچی دوای كرد. (ابن خلكان، 1900 3/293_294؛ المدرس 1983، ص ص382-384).

(19) قوتابخانەی العزیزیة: ئەو قوتابخانەیە لە بنەچەدا مەلیك الافضل بنیادینا، بەلام تەواوی نەكرد و دوای ئەو مەلیك العزیز عوسمانی برای تەواویكردو لە ساڵی 592ك/1195ز تەرمی سەلاحەددینی باوكی گواستەوەو لەوێدا ناشتی، هەر لەبەر ئەوش ناوەكەی بوو بە العزیزیة (النعیمي، 1990، 290/1).

(20) قەڵای الكرك: قەڵایەكی سەخت و قایمە دەكەوێتە سەرچیاو دەورەدراوە بە كۆمەڵێك دەشت لە وڵاتی شام (یاقوت الحموي، 1995، 453/4).

(21) مظفر الدین گوگبوری: کوڕی زەین الدین علی کوچك خاوەنداری هەولێر، هاوكات زاوای سەلاحەددین بووە کە رەبیعە خاتونی خوشکی لابووە، کەسێکی دەستکراوە بووە لە بەخشیندا و لە هەمان کاتدا یەکەمین کەسە کە مولودی نبوی داهێناوە لە شاری هەولێر، لە ساڵی 630ك/1225ز( الذهبي، 2003، 930/13).

(22) لە ناو کۆشکەکاندا شوێنێك وەکو پاشکۆی چێشتخانەکان بوو پێی دەگوترا(الشراب خاناه) کە تێایدا تەواوی خواردنەوە جۆراو جۆرەکانی مەلیکی تێدا ئامادە دەکرا، ئەو شوێنەش لە لایەن کەسێکی تایبەت سەر پەرشتی دەکرا کە زۆر نزیك بووە لە مەلیك، لە هەمان کاتدا چەند خزمەتکارێکی لە ژێر دەستدا بووە کە پێیان دەگوترا (شراب دار) کاتێك ئەرك و پیشەیان هێنان و گێرانی خواردنەوەکان بووە (القلقشندي، 1987، 9/4، 440/5).

(23) پۆشاکی خواردنەوە: بریتی بوولە جۆرە پۆشاکێکی درەوشاوەی ڕەنگاو ڕەنگ تایبەت بووە بە مەیخوارکان، وبە پێی جۆری مەیەکەو پێگەی تاك لە نێو کۆمەڵگا گۆرانکاری بە سەردا دەهات، زیاتر لە قوماشی ئەسکەندەرانی وقەدیفە کە لە توك و پەوڕو باڵی باڵندەو پەلەوەر دروست دەکراو بە زۆری پێك هاتبوو لە شەرواڵێکی شۆڵ و کراسێك کە بە سەریەوە کۆرتەك دەپۆشرا (الخطیب، 1996، ص352).

(24) جلال الدين منكوبرتي: جەلال الدین محمد کوڕی سوڵتان علاء الدین خوارزمی، لە ساڵی 628ك/1230ز بەدەستی کوردیك لە شاری دیاربکر کوژرا، بە مردنی بەتەواوی کۆتای بە دەوڵەتی خوارزکی هات (ابن تغری بردي، د.،ت، 276/6).

(25) مەلیك المعظم توران شاه: توران شاه کوڕی ئەیوب کوڕی محمد کوڕی ئەبو بکر کوری ئەیوب، نازناوی مەلیك المعظم، غیاث الدین بووە، لە ساڵی 636ك/1238ز دوای ڕۆیشتنی مەلیك الصالح نجم الدین ئەیوبی باوکی بۆ مصر ئەرکی بەرێوەبردنی حصن کیفاو دەوروبەری گرتە ئەستۆ، دوای مردنی باوکی بە پەلە ڕوویکردە مصرو بوو بە دەسەڵاتدار، بەڵام لەبەر هەڵسوکەوتی نەشیاوو خراپ لەگەڵ مەمالیکەکانی باوکی، لە ساڵی 648ك/1250ز لە سەر دەستی ئەوان کۆتایی بە ژیانی هات(ابن واصل، 1957، 5/ 375.).

## لیستی سەرچاوەکان

### دەستنوس

_ السخاوي: شمس الدین محمد بن عبد الرحمن (ت: 902هـ/1497م)

1- عمدة المحتج في حكم الشطرنج، مخطوطة مصورة، منشور على الموقع الإلكتروني www.alukah.net.

### سەرچاوە ڕەسەنەکان

_ ابن الاثير: ابو الحسن عز الدين بن علي الشيباني الجزري (ت: 630هـ/1232م)

2- الكامل في التاريخ، تحقبق: عمر عبد السلام التدمري، دار الكتاب العربي، ط1(بيروت، 1997).

_الاحدب: نجم الدين حسن الرماح(ت: 695هـ/ 1295م)

3 - الفروسية و المناصب الحربية، تحقيق: عيد ضيف العبادي، وزارة الثقافة و الاعلام،(بغداد، 1984).

_ ابن ابي اصيبعة: موفق الدين احمد بن القاسم (ت: 668هـ/1269م)

4 - عيون الانباء في طبقات الاطباء، تحقبق: نزار رضا، مكتبة الحياة،( بيروت، د.ت).

_ ابن تغري بردي: جمال الدين ابو المحاسن يوسف (ت:874هـ/1469م)

5 - النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، وزارة الثقافة والارشاد القومي،( مصر، د. ت).

_ الجاحظ: ابو عثمان عمرو بن بحر الكناني (ت:255هـ/ 866م)

6 - التاج في اخلاق الملوك، تحقيق: احمد زكى باشا، مطبعة الاميرية، ط1( القاهرة، 1914).

_ الجواليقي: ابو منصور موهوب بن احمد بن محمد(ت: 540هـ/1145م)

7- المعرب من الكلام الاعجمي على حروف المعجم، دار القلم، ط1(دمشق، 1990).

_ الحنبلي: احمد بن ابراهيم (ت: 876هـ/1471)

8 - شفاء القلوب في مناقب بني ايوب، تحقيق: ناظم رشيد، دار الحرية للطباعة،( بغداد، 1978).

_ ابن خلكان: ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد (ت: 681هـ/1282م)

9 - وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، ج1-3، 1990، ج4 1971 دار صادر،(بيروت،1994).

_ ابو داود: سليمان بن داود بن الجارود الطيالسي(ت: 204هـ/819م)

10 - مسند ابى داود الطيالسي، تحقيق: محمد بن عبدالمحسن التركي، دار هجر، ط1( مصر، 1999).

_ الدميري: محمد بن موسى بن عيسى(ت: 808هـ/1406م)

11- حياة الحيوان الكبرى، دار الكتب العلمية، ط2 (بيروت 2003).

_ الدواداري: ابو بكر بن عبدالله بن ايبك (ت:736هـ/1363م)

12- كنز الدرر وجامع الغرر (الدر المطلوب في اخبار بني ايوب)، تحقيق : سعيد عبدالفتاح عاشور، دار احياء الكتب العربية،(القاهرة ، 1972).

_ الذهبي: شمس الدين محمد بن احمد عثمان(ت: 748هـ/1347م)

13 - تأريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام، تحقيق: بشار عواد معروف، دار الغرب الاسلامي، ط1( بيروت، 2003).

_ سبط ابن الجوزي: شمس الدين يوسف بن قزاوغلي(ت: 654هـ/1256م)

14- مراة الزمان في تاريخ الاعيان، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، (حيدر اباد، 1951).

_ السبكي: تاج الدين عبدالوهاب بن علي( ت:771هـ/1369م)
15- طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق: محمود محمد الطناحي و عبد الفتاح محمد الحلو، ط2 ( القاهرة، 1992).
_ ابو شامة: شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسي(ت: 665هـ/1266م)
16- تراجم رجال القرنين السادس والسابع المعروف بالذيل على الروضتين ، وضع حواشيه وعلق عليه: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، ط1 ( بيروت، 2002).
17- الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية ، تحقيق: ابراهيم الزيبق، مؤسسة الرسالة،( بيروت، 1997)
_ ابن شداد: بهاء الدين يوسف بن رافع( ت: 632هـ/1234م)
18- النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية او سيرة السلطان الناصر صلاح الدين الايوبي، تحقيق: احمد ايبش، (دمشق، 2005).
_ ابن شداد: عز الدين محمد بن علي بن ابراهيم (ت: 684هـ/1285م)
19- الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام و الجزيرة ، تحقيق : يحيى زكريا عبارة، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، ط1(دمشف، 1987).
_ شرف الدين الانصاري: عبد العزيز محمد بن عبدالمحسن الحموي (ت: 662هـ/1223م)
20_- ديوان الصاحب شرف الدين الانصاري، تحقيق: عمر موسى باشا، مجمع اللغة العربية،( دمشق، د.ت).
_ ابن الشعار: كمال الدين ابي البركات المبارك بن الشعار الموصلي(ت:654هـ/1256م)
21 - قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان المشهور بـ عقود الجمان في شعراء هذا الزمان، تحقيق: كامل سلمان الجبوري، دار الكتب العلمية، ط1( بيروت، 2005).
_ الصفدي: صلاح الدين خليل بن ايبك( ت:764هـ/1363)
22 - الوافي بالوفيات، تحقيق: احمد الارناؤوط وتركي مصطفى، دار احياء التراث، (بيروت، 2000).
_ ابن طولون: شمس الدين محمد بن طولون الدمشقي ( ت:953هـ/1546م)
23_ نقد الطالب لزغل المناصب، تحقيق: محمد احمد دهمان وخالد محمد دهمان، راجعه: نزار اباظة، دار الفكر المعاصر، (بيروت، 1992)
_ العباسي: حسن بن عبدالله (ت:710هـ/1310م)
24- آثار الاول في ترتيب الدول، تحقيق: عبدالرحمن حميرة، دار الجيل، ط1(بيروت، 1989).
_ ابن العبري: غريغوريوس بن هارون الملطي(ت: 685هـ/1286م)
25- تأريخ مختصر الدول، تحقيق: انطوان صالحاني اليسوعي، دار الشرق، ط3(بيروت، 1992).
_ ابن العديم: كمال الدين ابو القاسم عمر بن احمد(ت: 660هـ/1261م)
26- بغية الطلب في تاريخ حلب، تحقيق: سهيل زكار، دار الفكر،(بيروت، 1988).
27- زبدة الحلب في تأريخ حلب ، وضع حواشيه: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، ط1( بيروت، 1996)
_ ابو الفداء: الملك المؤيد عماد الدين اسماعيل بن محمد(ت: 732هـ/1321م)
28- المختصر في اخبار البشر، تحقيق: محمد زينهم عرب و يحيى سيد حسين، دار المعارف،( القاهرة، 1999).
_ ابن فضل الله العمري: شهاب الدين احمد بن يحيى(ت: 749هـ/1378م)
29 - مسالك الابصار في ممالك الامصار، المجمع الثقافي، ط1(ابو ظبي، 1423هـ/2002م)
_ ابن الفوطي: عبدالرزاق بن احمد (ت: 723هـ/1323م)
33 - تلخيص مجمع الأداب في معجم الألقاب، تحقيق: مصطفى جواد، مطبعة مديرية أحياء التراث القديم، (دمشق، 1962).
_ ابن قتيبة الدينوري: ابو محمد عبدالله بن مسلم (ت:276هـ/889م)
30- عيون الاخبار، دار الكتب العلمية، (بيروت، 1418هـ/1997م).
_ ابن قزل المشد: سيف الدين علي بن عمر (ت: 656هـ/1258م)
31 - ديوان ابن قزل المشد، تحقيق: مشهور عبدالرحمان الحبازي،( القدس، 2002).
_ القزويني: زكريا بن محمد بن محمود (ت: 682هـ/1283م)
32- آثار البلاد وخبار العباد، دار صادر، (بيروت، د.ت).
_ القفطي: جمال الدين ابو الحسن علي بن يوسف (ت:646هـ/1248م)
33 - انباه الرواة على انباه النحاة، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، مؤسسة الكتب الثقافية، (بيروت، 1982).
_ القلقشندي: ابو العباس احمد بن علي الفزاري (ت:821هـ/1418م)
34- صبح الاعشى في صناعة الانشا ، تحقيق : محمد حسين شمس الدين ، دار الكتب العلمية،( بيروت، 1987).
35 - مآثر الانافة في معالم الخلافة، تحقيق: عبدالستار احمد فراج، مطبعة حكومة الكويت، ط2(الكويت، 1985).
_ ابن قيم الجوزية: محمد بن ابي بكر بن ايوب (ت:751هـ/1351م)
36 - الفروسية، تحقيق: مشهور بن حسن بن محمود بن سلمان، دار الاندلس، ط1(السعودية، 1993).
_ الكتبي: محمد بن شاكر بن احمد (ت: 764هـ/1363م)
37 - فوات الوفيات، تحقيق: احسان عباس، دار صادر،( بيروت، 1974).
_ ابن كثير: ابو الفداء اسماعيل بن عمر (ت:774هـ/1373م)

38 - البداية والنهاية ، تحقيق: علي شيري، دار احياء والتراث العربي، ( بيروت،1988).
39- طبقات الشافعيين، تحقيق: احمد عمر هاشم و محمد زينهم محمد عزب، مكتبة الثقافة الدينية،( د.م، 1993).
_ المسعودي: ابي الحسن علي بن الحسين (ت: 346هت/957م)
40- مروج الذهب ومعادن الجوهر، تحقيق: محمد هشام النعسان وعبدالمجيد طعمه حلبي، دار المعرفة، ط1 (بيروت،2005).
_ مسلم بن حجاج: ابو الحسن مسلم بن حجاج القشيري (ت: 261هـ/874م)
41 - صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار احياء التراث العربي،( بيروت، د.ت).
_ ابن المعتز: عبدالله بن محمد العباسي (ت:296هـ/908م)
42 - طبقات الشعراء، تحقيق: عبدالستار احمد فراج، دار المعارف، ط3( القاهرة، د.ت).
_ المقريزي: تقي الدين ابي العباس احمد بن علي (ت: 845هـ/1441م)
43_- السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، ط1( بيروت، 1997).
_ الملك الناصر داود: داود بن عيسى الايوبي (ت: 656هـ/1258م)
44 - الفوائد الجلية في الفرائد الناصرية (رسائله وشعره)، تحقيق: ناظم رشيد، دار الشؤون الثقافية العامة، (بغداد، 1992).
_ ابن منقذ: أسامة بن مرشد بن علي الشيزري (ت:584هـ/1188م)
45 - الاعتبار، حرره: فليب حتى، مكتبة الثقافة الدينية،( مصر، د.ت).
_ مؤلف مجهول: ( توفي بعد 655هـ/1257م)
46 - تاريخ دولة الاكراد والاتراك (تاريخ دولة الاكراد)، دراسة وتحقيق: موسى مصطفي الهسنياني، منشورات جامعة دهوك، ط1(دهوك، 2010).
_ مؤلف مجهول: (من مؤلفات القرن السابع الهجري)
47 - اخبار سلاجقة الروم( مختصر سلجوقنامه)، ترجمة: محمد السعيد جمال الدين، المشروع القومي للترجمة، (القاهرة، 2007).
_ ابن نظيف الحموي: ابو الفضائل محمد بن علي ( ت:644هـ/1246م)
48- التأرخ المنصوري ( تلخيص الكشف والبيان في حوادث الزمان)، تحقيق : ابـو العيـد دودو، مراجعـة: عـدنان درويـش، مطبوعـات مجمـع اللغـة العربيـة، (دمشق، 1981).
النعيمي: النعيمي: عبدالقادر بن محمد الدمشقي(ت: 927هـ/1520م)
49_ الدارس في تأريخ المدارس، اعد فهارسه: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، ط1(بيروت، 1990).
_ النويري: شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب بن محمد (ت:733هـ/1322م)
50 - نهاية الارب في فنون الادب، تحقيق: نجيب مصطفى فواز و حكمت كشلي فواز، دار الكتب العلمية،( بيروت، 2004).
_ ابن واصل: جمال الدين محمد بن سالم (ت: 697هـ/1297م)
51 - التأريخ الصالحي، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، المكتبة العصرية، (بيروت، 2010).
52 - مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، ج1_5، تحقيق: جمال الدين الشيال، مطبعة الاميرية،( القاهرة ، 1957).
53- مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، ج6، تحقيق: عمر عبدالسلام التدمري، المكتبة العصرية،( بيروت، 2004).
_ ياقوت الحموي: شهاب الدين عبدالله الرومي (ت:626هـ/1229م)
54 - معجم البلدان، دار صادر، ط2( بيروت، 1995).
_ اليونيني: قطب الدين موسى بن محمد (ت: 726هـ/1326م)
55 - ذيل مرآة الزمان، دار الكتب الاسلامي، ط2( القاهرة، 1992م).

**ژێدەرەكان**

_ ابراهيم: خالدة سلمان
56 - الحياة الاجتماعية في مصر في العصر الايوبي(567-648هـ/1171-1250م)، دار البصائر للطباعة والنشر، ط1(بيروت، 2013).
_ الاتروشي: شوكت عارف
57- الحياة الفكرية في مصر خلال العصر الايوبي،(عمان،2007).
_ باشا: عمر موسى
58 - الادب في بلاد الشام عصور الزنكيين والايوبيين والمماليك، دار الفكر، ط1( دمشق، 1989).
_ بدوي: احمد احمد
59 _ مأمون بني ايوب المعظم عيسى، مطبعة لجنة البيان العربي،( القاهرة، 1953).
_ الحايك: منذر
60- مملكة حمص في العصر الايوبي، تقديم: سهيل زكار، دار طلاس، (دمشق، 2000).
_ الخطيب: مصطفى عبدالكريم
61- معجم المصطلحات والالفاظ التاريخية،( بيروت، 1996)،
_ رجب: عبد الجواد ابراهيم

62 - الفاظ الحضارة في القرن الرابع الهجري دراسة في ضوء مروج الذهب للمسعودي،(القاهرة، 2003).
_ السامرائي: فراس سلمي حياوي
63- التقاليد والعادات الدمشقية خلال عهود السلجوقيين- الزنكيين- الايوبيين، دار الأؤائل للنشر والتوزيع،(دمشق،2004).
_ سوفجيه: جان
64 - دمشق الشام،(بيروت، 1936)
_ شلبي: احمد
65 - الحياة الاجتماعية في الفكر الاسلامي، مكتبة النهضة المصرية، ط5( القاهرة، 1986).
_ شميساني: حسن
66 - مدينة سنجار من الفتح العربي الاسلامى حتى الفتح العثماني، دار الافاق الجديدة، (بيروت، 1983).
_ الطيار: عبدالله بن محمد بن احمد
67 - توجيه وتنبيه الى هواة الصيد ومحبيه، دار المتعلم للنشر والتوزيع، ط1(الرياض، 2003).
_ عبدالخالق البنا: عبد الحافظ
68 - اسواق الشام في عصر الحروب الصليبية، مطبعة عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، ط1(القاهرة، 2007).
_ الغلامي: عبدالمنعم
69_- ماثر العرب و الاسلام في القرون الوسطى، مطبعة أم الربيعين، (الموصل، د.ت).
_ المدرس: عبد الكريم محمد
70- علماؤنا في خدمة العلم والدين، عني بنشره: محمد علي القرداغي،( بغداد، 1983).
_ مصطفى: شاكر
71- المدن في الاسلام حتى العصر العثمانى، دار ذات السلاسل للطباعة والنشر،ط1(الكويت، 1988).
_ نصار: لطفي احمد
72 - وسائل الترفية في عصر سلاطين المماليك في مصر، مطبعة الهيئة المصري العامة للكتاب، (مصر، 1999).

**ژیدەرەكان بە زمانی ئینگلیزی وفەرەنسی**

_ D. Aix: Albert
73- _ Historia Nicenae Vel Anticochenae prologum, (Paris, 1896).
_ Murray: H.X.R
74-_ History of chess, (Oxford, 1913).

**نامە زانكۆییە بڵاو نەكراوەكان:**

_ الصايغ: هنرييت زاهى سايا
75 - اتجاهات الشعر العربي في القرن السابع الهجري في بلاد الشام، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب_جامعة القاهرة، (القاهرة، 1980).
_ نوري: نوفل محمد
76 - الاعياد و المناسبات و وسائل الترفيه في بغداد في العصور العباسية (145-656هـ/763-1258م) ، رسالة الماجستير، كلية التربية- جامعة الموصل،( الموصل، 1996).

**گۆڤارەكان:**

_ الهورمزياري: جتو حمدامين سمايل
77 - وسائل الصيد المعاصرة دراسة فقهية، مجلة جامعة كويه، العدد/22، (كويه، 2012).
_ الويس: كامل طه
78- الالعاب الرياضية في العصر العباسي (رياضة الكرة الصولجان في العصر العباسي)، مجلة كلية التربية الرياضية، العدد/

**أساليب التسلية و الترفية للملوك الايوبيين في منطتي الشام و الجزيرة (589_658هـ/1193_1260م)**

**اكو برهان محمد        محسن مامل محمد**
كلية الاداب/ قسم التأريخ/ جامعة صلاح الدين-اربيل

**ملخص**

تطرق البحث إلى إعطاء صورة شاملة عن أساليب التسلية و الترفيه للملوك الايوبيين في منطقتي الشام و الجزيرة (589_658هـ/1193 _1260م)، من خلال المتابعة و تسليط الضوء على الجوانب المخفية من حياتهم الخاصة، بعيداً عن الحياة السياسية و العسكرية، كل ذلك موثوقة بالمصادر التأريخية الأساسية و المعاصرة لتلك الفترة.

على الرغم من انشغالهم بالأمور السياسية و الصراعات الداخلية و الحروب المستمرة مع الصليبيين ولكنهم لم يهملوا جوانب خاصة بحياتهم الذتية، خصوصاً ممارسة حياتهم الاعتيادية ، و كيفية قضاء أوقات الفراغ.

فكان البعض منهم يوظفون أوقات فراغهم بالصيد و الفروسية و الالعاب الرياضة كلعبة كرّة القدم (الصولجان)، و لعبة البندق، و الشطرنج و النرد، هذا و بالإضافة إلى صرف الأموال الطائلة في تسليتهم، و في قصورهم، كما و كان لهم الجلسات العلمية و الادبية و التثقيفية، فضلا عن سماع الموسقى و الأغاني الطرب و مجالس الشراب، و يضاف إلي ما سبق  قيامهم بالجولات السياحية و الترفية إلى المنتزهات و المناطق السياحية قصد الترفيه و تسلية الوقت.

**الكلمات الدالة:** الصيد، كرة القدم( الصولجان)، جولات السياحية، مجالس الادبية والعلمية، مجالس الاغاني و الطرب و مجالس الشراب

**The Patterns of spending time among Ayyubid Kings in Bilad Al- Sham and Al- Jazeera (589_658 A.H/ 1193_1260 A.D)**

**Ako B. Muhammad        Muhsin M. Muhammad**
Department of History - Collage of Arts / Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

This research is an attempt to illustrate general image of the pattern of spending time among the Ayyubid Kings in Bilad Al-Sham and Al-Jazeera (589_658A.H/ 1193_1260 A.D). In the present paper, the light is shed on their private, secret and formal lives, away from political and military lives by examining how they spent their holidays and leisure times. All this information is supported by a bunch of resources in which some of them were primary that have been obtained from their period.

Although Ayyubid Kings were fighting and struggling in civil war and they were in continuous war against crucifiers; and other who headed towards their region, these were not barriers to spend their normal lives and they brought leisure to their lives. However, some of them spent their lives in various patterns; for instance, doing some physical and ethical activities such as hunting, riding horses, playing Polo (suljan), target shooting, and other mental or intellectual games (chess and backgammon). In addition, they spent a lot of money in their mansion for relaxations and happiness, such as participating in philosophical and intellectual meetings. Moreover, they were also listening to songs and music and dedicating a special time for wine drinking. Besides those, they had many particular trips, picnics and vacations to stunning and wonderful places to have some fun.

**Keywords:** spending time, hunting, riding, polo, intellectual meetings, listening to song, wine drinking, trips.